٤٨



تەوەری ژمارە

# شار

## وەك ناوەندی خەباتی خۆرهەڵاتی کوردستان

تیشك گۆڤارێكی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە

دەزگای پەروەردە و لێكۆڵینەوەی
حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران دەری دەكا

ژمارە ٤٨
رەزبەری ٢٧١٨
ئۆكتۆبری ٢٠١٨

گۆڤاری تیشك لە سەر ئینترنت:

www.kurdistanmedia.com\sorani\tishk

www.facebook.com/GovariTishk

govaritishk@pdki.org

گۆڤاری تیشك تەنیا لە بەرانبەر ناوەڕۆكی ئەو بابەتانەدا بەرپرسیارە كە
بە ناوی گۆڤاری تیشك بڵاو دەبنەوە

# ٤٨



١ هیوا میرزایی



٢ چەکۆ ئەحمەدی



٣ ئیدریس ئەحمەدی



٤ عەباس ئەحمەدی



٥ ئیسماعیل زورمەند



٦ لوقمان ئەحمەدی

دیزاین : نسار

گرافیك: سرێوان ئەحمەدی




# دیسكۆڕسێك بە ناوی ڕاسان

١

هیوا میرزایی

گەشەی شارستانییەت و بەرەوپێشچوونی مرۆڤ لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان و گەشەی تیکنۆلۆژیا و پێوەندییەکان وای لە مرۆڤی ئەم سەردەمە کردووە کە چیدی تاك و تاك تەوەری نەتوانێ وڵامدەری ئاریشە و گرفتە هەنووکەییەکانی مرۆڤ بێ. پێگەی تاك، کە پێشتر ڕێبەریی بزووتنەوەکان بووە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە سەردەمی ئەمڕۆدا ڕێبەریی بزووتنەوەکان بە کۆمەڵ دەکرێ. ڕێبەریکردنی بزووتنەوەیەک بە کۆمەڵ دەتوانێ ڕۆڵی خەباتی مرۆڤ پتەو بکا و کاریگەری زیاتری هەبێ لە بواری گەیشتن بە ئامانجەکانی بزووتنەوەکە. خۆرهەڵاتی کوردستانیش بە تایبەت لەماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا توانیویەتی خۆی لە بازنەی تاك تەوەری خۆی ڕزگار بکا و هاوتەریب لەگەڵ گەشەی شارستانییەت لە هەموو جیهان و سەرەڕای ئەو بەربەستانەی کە سیستمی کۆماری ئیسلامی بۆی دروستکردووە کۆمەڵ تەوەری کردووەتە بنەمای خەباتی خۆی و بە خۆڕێکخستن لە نێو گرووپگەلی جۆراوجۆر بناغە و ڕیزەکانی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دیکتاتۆری قایمتر کردووە. هەر ئەم ڕێکخستنانەیش وایکردووە کە خەبات و تێکۆشان لە خۆرهەڵاتی کوردستان خێرایی زیاتر بێ لە ئاست بەشەکانی دیکە لە ئێراندا. گەشەی شارنشینی و گۆڕانکاری لە نۆرمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان وایکردووە کە شار لە ئێستادا ببێتە چەقی خەبات و هەر ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییانە و خوێندنەوەی درووستی حیزبی دێموکرات، بووەتە هۆی بەرهەمهاتنی ڕاسانی خۆرهەڵات. گرینگی شار لە ئەمڕۆی خەباتی خۆرهەڵاتدا، گرنگییەکی یەك ڕەهەندی نییە کە تەنیا بیبەستینەوە بە بوونی حەشیمەتێکی زۆر لە شارەکان، بەڵکوو شار وەك ناوەندێکی بەرهەمهێنەر لە بواری « کەلتووری، سیاسی، ئابووری» توانیویەتی ڕۆڵی یەکلاکەرەوە ببینێ بۆ ڕێکخستن و پەرچەکردار لە دژی سیستمی دیکتاتۆری. ئەمە شارە کە بەردەوام گۆڕان لە نۆرمەکاندا پێکدەهێنێ و بووەتە فاکتەرێك کە لە نەبوونی خوێندنەوەیەکی دروست لە لایەن هێزە سیاسییەکانەوە، دەبێتە هەڵەیەکی کوشندە بۆیان. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم ساڵانەی ڕابردوودا بە دروستی پێگە و کاریگەریی شاری بۆ درێژەدان بە خەبات ناسیوە و بە خوێندنەوەیەکی واقعبینانە هەوڵی گرێدانی خەباتی شاخ و شاری لە چوارچێوەی ڕاسانی خۆرهەڵات داوە. ڕاسان تەنیا مەبەست نۆژەنکردنەوەی هێزی پێشمەرگە و گەڕانەوە بۆ شاخ نییە، بەڵکوو گرێدان و ئاوێتەکردنی چەندین دەرفەتی خەباتە و هەروەها گەڕانەوەی باوەڕبەخۆبوونە بۆ خەڵك و درووستکردنی ئەو ئیرادە شۆڕشگێڕانەیەیە کە ئەوە خەڵکن کە خاوەنی خەباتەکەن و هێزی سەربازی و بوونی پێشمەرگە تەنیا بۆ پشتیوانی خەباتی ئەوانە. لە دیسکۆرسی ڕاسانی خورهەڵاتدا شوێندانەربوون تەنیا ئەرکی پێشمەرگە وەك داینەمۆی شۆڕش نییە، بەڵکوو هەوڵدەدرێ شار و خودی خۆرهەڵات ببێتە هێزی شوێندانەر و بەکەڵکوەرگرتن لە هەموو پوتانسیەلەکانی شار و هاوکاری هەموو ڕێکخراوە مەدەنییەکانی خۆرهەڵات و بە پشتبەستن بە ئەزموونی چەندین ساڵەی خۆڕێکخستن، خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کورد هەر لە هەناوی کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتدا کاناڵیزە بکرێ. ئەو دۆخە کە ئێستا ڕووبەڕووی ئێران بووەتەوە لە دوای هاتنە دەرەوەی ئیدارەی ترامپ لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی (بەرجام) و گەڕانەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان بۆ سەر ئێران، ئەو هەلەی زیاتر ڕەخساندووە کە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان ببنە دەرفەتێك بۆ کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان. ڕاسان و خەباتی بەردەوامی کورد لە خۆرهەڵات، بە تایبەت لەم ساڵانەی ڕابردوودا، ئامانجی خۆی پێکاوە و کورد بووەتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نەیانتوانیوە حاشا لەمە بکەن و بیشارنەوە. سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی تیرۆرەکان لە هەرێمی کوردستان (باشووری کوردستان) و هێرشی مووشەکی ڕۆژی ١٧ی خەرمانان بۆ سەر بارەگا و کەمپەکانی حیزبی دێموکرات و تۆپبارانی بەردەوامی سنوورەکانی خۆرهەڵات بە بیانوێ بوونی پێشمەرگە و هەروەها ئەو گوشارە سیاسی و ئابوورییانەی کە لەم ماوەیەدا خراوەتە سەر هەرێمی کوردستان نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە ڕاسان ئامانجەکانی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر پێکاوە. لە هەمانکاتیشدا حەماسەی مانگرتنی ڕۆژی ٢١ی خەرمانان و یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان و هاوسۆزیی خەڵکی خۆرهەڵات دوای بوومەلەزەکەی پارێزگای کرماشان و هەروەها پەرۆشی خەڵك بۆ شەهیدبوونی ژینگەپارێزەکانی مەریوان ڕووەکەی دیکەی کاریگەری ڕاسانە. سەرلەنوێ دووپاتبوونەوەی ئەو ڕاستییەیە کە خۆرهەڵات ئێستاشی لەگەڵدا بێ سەنگەری بەربەرەکانێ و خەباتە لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران. پێویستە خەڵک چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرن و ئەم شۆڕشە نوێیە بکەن بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان. شار، لەم پێوەندیە دا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبووە و دەبێت. ڕێژیمی وا بوونی نییە کە بتوانێ لە بەرانبەر ئیرادە و کرداری خەڵک ڕابوەستێ، ئەگەر خەڵکەکە یەکگرتووانە و بە کردەوە لە بەرانبەریدا ڕابوەستێ و دەرەئەنجامی ژیانی هەموو دیکتاتۆرەکان و سیستمە سەرەڕۆیەکان لە مێژوودا ئەوەی دەرخستووە کە ئەوە خەڵك و ئازادیخوازەکان کە لە کۆتاییدا براوەی ئەم خەباتەن و مێژووی پڕ لە سەروەری کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەریخستووە کە ڕەنگە بە جوغرافیا کوردستان لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە داگیرکراوە بەڵام ئەوەی کە تاکوو ئێستایش داگیرنەکراوە ئیرادەی شۆڕشگێڕی و ئەو حەزە ڕزگاریخوازیەیە کە خەڵکی کوردستان هەیانە و بەدرێژایی ژیانی سیاسی کۆماری ئیسلامی بێ پشوودان خەباتیان بۆ کردووە و قوربانیشیان بۆ داوە و ڕاسان ڕێك لە هەناوی ئەم خەباتە سەرلەنوێ لە دایکبووە و هەر درێژەی هەمان خەبات و قوربانیدانەیە بەڵام بە مێتۆد و لە قۆناغێکی دیکەدا و بە خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆیی لە خەبات و گرینگی پێگەی خەڵك لە بەشدارییان لە خەبات.

> **“ گەشەی شارنشینی و گۆڕانکاری لە نۆرمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان وایکردووە کە شار لە ئێستادا ببێتە چەقی خەبات و هەر ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییانە و خوێندنەوەی درووستی حیزبی دێموکرات، بووەتە هۆی بەرهەمهاتنی ڕاسانی خۆرهەڵات. ”**



# شار داینەمۆی گۆڕانكاریی مەزنی كۆمەڵگە

**٢**

**دەستەواژەی سەرەكی: شار گۆڕانكاری، كۆمەڵگە، شۆڕش، ڕاسان**

چەكۆ ئەحمەدی

٣٥٠٠ ساڵ پێش زایین، یەكەم شارەكانی مێژووی مرۆیی پێكدێن و سەرهەڵدانی كۆمەڵگەی مەزنتر لەچاو ڕابردوو بیچم دەگرێ. ناوی «شار» (urban)ی لەسەر دادەنرێ كە لە urbanus واتا «شاری» و گرێدراوی شارەوە سەرچاوە دەگرێ، هەروەها لە وشەی urbs كە بە شاری ڕۆم دەگوترا. هۆكارەكانی بیچمگرتنی شار گەلێك زۆرن و هەركام لە زانایانی بوارە تایبەتەكانی زانست لە ڕوانگەی خۆیانەوە هۆكارەكانی سەرهەڵدان و دامەزراندنی شاریان خستۆتە بەرباس. بەڵام ئەگەر بەكورتی هۆكارەكانی باس بكرێ، دەبێ بگوترێ پاش ئەوەی مرۆڤ بەسەر سروشتدا زاڵ دەبێ و دەتوانێ كۆنترۆڵی بكات، بوار بۆ پێشكەوتنی زیاتر لەبار دەبێ. بە پێشكەوتنی ئامرازەكانی ژیان و پێشكەوتنی ئاستی بیركردنەوە، ڕێژەی بەرهەمهێنانی پێداویستییەكانی ژیان بەرزدەبێتەوە، واتا ئاستی خۆشبژێوی لە چاو ڕابردوو بەرزتر دەبێتەوە. پێموایە یەكێك لە گرنگترین هۆكارەكانی ئەم سەرهەڵدانە، شارە، زێدە لەخۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و خۆراك و هەماركردنی بووە كە كۆمەڵێك مرۆڤی ناچار بە پێكهاتن بە مەبەستی پارێزگاری لەبەرهەمی بەروبووم بووە، كەواتە ئەمە لەخۆیدا دەبێتە هۆكار بۆ سازدانی هێزێكی پارێزەری هەمار و بەرهەمهێنەران. ئەم پرۆسەیە درێژ دەبێتەوە تا دیاریكردنی باجێك بۆ دابینبوونی بژێوی ژیانی پارێزەرانی ئەو كۆمەڵگایە كە هەموو پێكهاتەی شار و لە سەرووی هەموویانەوە هەمارەكان دەگرێتەوە ، خاوەنبەشی هەمارەكان و كۆمەڵەی پێكهاتوو لەگەڵ یەكدی كە دواتر هەر ئەوانە وەك دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی شار دەستنیشان كران. مرۆڤ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە و ئاستێكی بەرز لە ڕێژەی تاكەكان دەزانن بۆ درێژەدانی ژیان پێویستییان بە كۆمەڵگەیەكە مرۆڤی دیكەی لێ بژی، بۆیە لەودەمیشدا هەر بەو مەبەستە و قبووڵكردنی یاسا و ڕێسای ئەو پارێزەرانەی كۆمەڵگا، لە نێو ئەوان یا لە نزیك ئەوانەوە نیشتەجێ دەبن و دەبنە بەشێك لە سیستمی بەڕێوەبەریی ئەو كۆمەڵگا و ئەركی دیاریكراو ڕادەپەڕێنن. ئەمە بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی لێدەكەوێتەوە و كۆمەڵگای بچووكی تا ئەوكاتی «گوند»ی دەگۆڕدرێ بە كۆمەڵگای «شار»ی. شار و گوند بەپێی چەند پێوەری سەرەكی لێك جیادەكرێنەوە:

**ئا_ ئاستی بەربڵاوی یا پانتایی شوێنی نیشتەجێبوون .**

بەپێی ڕێژەی تاكی نیشتەجێبوو لە شوێنێكدا، ژمارەی خانووەكانیش كەم و زۆر دەبێتەوە، كە واتە مێتراژی تەرخانكراوی زەوی بۆ نیشتەجێبوونی مرۆڤەكان لە گوند و شاردا جیاوازە. گوند پانتایی كەم و شار پانتاییەكی بەرینتر بۆ نیشتەجێبوون تەرخان دەكات.

**ب_ دۆخ و چۆنیەتی چالاكیی ئابووری :**

ژمارەی پیشەكان لەگونددا دیاریكراون و لە چەند خاڵدا بەرتەسك دەبنەوە (وەرزێڕی، ئاژەڵداری)، بەڵام لە شارەكاندا بەپێی ئاستی پێویستیی ڕاپەڕاندنی ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوان و شار و بەپێی یاسا و ڕێسای دیاریكراوە. واتا بەربڵاو و فرەجۆر و جگە لە ئاژەڵداری و وەرزێڕییە.

**ت_ ڕێژەی پیشە و ڕیزبەندیی كۆمەڵایەتی :**

لەوانەیە لە گوندەكاندا ڕیزبەندییە كۆمەڵایەتییەكان بەپێی هێندێ خاڵی وەك ڕێژەی ئاژەڵ، ژمارەی منداڵ و زەوی و وەرزێڕی دیاری بكرێ، بەڵام ئەم ڕیزبەندییە لە شارەكاندا جیاوازترە و لەوانەیە ئاستی خوێندن، داهاتی زۆر و سەرمایە و پیشەیەك پێگەی بەرز لەو ڕیزبەندییەدا دیاری بكات. بۆیە لەم پرسەدا جیاوازییەكی بنەڕەتی بەدیدەكرێ و ئەگەری زۆرە لە ئێستاشدا بە هێندێ گۆڕانەوە، ئاستی جیاوازییەكە لەو ڕادەیەدا بێ.

**ج_ چۆنیەتیی پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكان**

لە گۆندەكاندا ڕێژەی پێوەندیی كۆمەڵایەتی زۆرە و ئەگەری ئەوە هەیە تەنیا لە چەند بنەماڵەی خزم پێكهاتبن و ئەگەر هێندێ بواری تایبەتی ژیانی لێ بەدەر بكرێ، دەتوانرێ وەك یەك بنەماڵەی مەزن چاوی لێبكرێ. بەڵام شێوەی پێوەندی لە شارەكاندا جیاواز لەمەیە. پێوەندییەكان بەرتەسك و لەسەر بنەمای لۆژیك و بەرامبەرە، ژیان، تایبەتیتر وداخراوترە. كاتەكان بۆ تێكەڵبوون لەگەڵ تاكەكانی كۆمەڵگا كەمترە و كاتژمێری كاری ڕۆژانە درێژترە.

**د. چۆنیەتی كەڵكوەرگرتن لە ناوەندی ئیداری، كۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری :**

دانیشتوانی گوند بەپێی جۆری چالاكیی ژیان و جۆری پیشە، ئاست و شێوازی كەڵكوەرگرتن لەو ناوەندانەدا لەچاو شارەكان تا ئاستێكی زۆر كەمترە و تەنیا لەكاتی پێویستدا پێوەندی بەو ناوەندانەوە دەگرن. بەڵام دانیشتوانی شار بەپێچەوانەی گوندەكان، بەبێ هەبوونی ئەو ناوەند و دامەزراوانە، ژیانیان بەڕێوە ناچێت و گرفتەكانی ژیان لە شاردا كەڵەكە دەكات. هەڵبەت لەم خاڵەدا جیاوازییەكی بنەڕەتی لە نێوان گوند و شارەكانی ئێستا و ڕابردوودا هەیە. بەكورتی، ژیانی ئێستای دانیشتوانی شار ڕاستەوخۆ بەو ناوەند و دامەزراوانەوە بەستراوەتەوە .

**و. ڕێژەی دانیشتوان:**

لە زۆربەی پێناسە و تیۆرییەكانی ئەمڕۆدا، ڕێژەی دانیشتوان یەكەم تایبەتمەندیی جیاكەرەوەی گوند و شارە. سیاسەتی وڵاتان بۆ بە شار ناسینی شوێنێكی نیشتەجێبوون جیاوازە. لە هێندێ وڵاتدا لە ٢٠٠٠ كەسەوە دەست پێدەكات بۆ بە شار ناسین، ئەم ژمارەیە لە هێندێ وڵاتیشدا تا ١٥٠٠٠كەسیش دەگات. واتا لە دوو هەزارەوە دەگۆڕدرێ بۆ پانزدە هەزار كەس. شار و چەمكی شار و خودی شار، لەچەند دەیەی ڕابردوودا لە لایەن زۆرێك لە بەشە زانستییەكانەوە پێناسە كراوە و دەكرێ بگوترێ پرسی شار و پێناسەی شار هەردەم یەكێك لە بابەتە گرنگەكانی نێو زانستە مرۆییەكان بووە و دەكرێ بڵێین چەمكی «شار» و «شاری»، لە هەموو زانستەكانی وەك كۆمەڵناسی، ئابووری و حەشیمەتناسی و سیاسەت و تەنانەت فەلسەفەش، لە یەكلابوونەوەی پرسەكاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە و هەیە. هەڵەمان نەكردووە گەر بڵێین كارل ماركس، لە ڕەوتی توێژینەوەكانیدا بەردەوام گوتاری خۆی لەگەڵ شاردا گرێداوە و بە توێژینەوە و پێناسەكردنی شار، گوتارەكانی دەگەیشتنە ئاكام و یەكلایی دەكردەوە، چوونكە شار، لە هەموو پرسە كەلانەكانی وەك سیاسەت، ئابووری و كۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی یەكلاكەرەوەی هەیە. ماركس ئاوا شار پێناسە دەكات: «شار ناوەندی چڕبوونەوەی حەشیمەت، ئامرازەكانی بەرهەمهێنان، سەرمایە و پێداویستییەكانە كە دابەشكردنی ئەركی كۆمەڵایەتی لەودا بەڕێوەدەبرێ». هەركام لە

> “
>
> ماركس ئاوا شار پێناسە دەكات:
> «شار ناوەندی چڕبوونەوەی حەشیمەت، ئامرازەكانی بەرهەمهێنان، سەرمایە و پێداویستییەكانە كە دابەشكردنی ئەركی كۆمەڵایەتی لەودا بەڕێوەدەبرێ»
>
> ”

زانایانی بوارەکانی دیکەی زانست، پێناسەی گرێدراو بە زانستی خۆیان لەسەر شار پێشکەش دەکەن. کۆمەڵناسی فەڕەنسی، ئیمیل دورکایم، دەڵێ، کۆمەڵگا لەسەر بنەمای یەکگرتوویی میکانیکییە کە تاکەکانی بە وێنەی پێکهێنەری ماتۆڕێکن، تەکووزمەندیی کۆمەڵایەتی لەم کۆمەڵگایەدا زۆرتر بەپێی وێکچوویی و وەکیەکیی تاکەکانە و تاکەکان لە ڕووی پیشە، شێوەی بیرکردنەوە، ئەرك و کرداری کەم تا زۆر وەك یەکن و هەموویان لە ژێر کۆنتڕۆڵی سیستمێکدان و گوێڕایەڵی یاسا و ڕێسا و نەریتێکی وەك یەکن. شێوەی دووهەم لەسەر بنەمای نەبوونی هاوشێوەیی و وەکیەکنەبوونە، لەم کۆمەڵگایەدا وەکوو ئۆرگانیزمی مرۆیی خاوەن ڕێژەیەکی زۆری ئەندامن کە هەرکامە و ئەرکێکی تایبەت بەڕێوە دەبەن و هاوکاتیش پێوەندییەکی بەرامبەر لە نێوانیاندا هەیە. واتا هەم لەگەڵ یەکتر و هەم لەگەڵ هەموو ئۆرگانیزمی کۆمەڵگا لە پێوەندیی بەرامبەردایە. لەم کۆمەڵگایانەدا دابەشبوونی کار و پیشەی جۆراوجۆر هەن و تاکەکان لە باری پیشە، بیروباوەڕ و حەز و خولیاوە لەگەڵ یەکدی جیاوازییان هەیە و ئەوەی دەبێتە هۆی بەردەوامی و پێوەندیی بەرامبەری نێوان مرۆڤەکان، هاوڕەنگی و هاوشێوەیی و پیڕەویکردن لە یاسایەکی نەریتیی وەك یەك نییە، بەڵکوو تاکەکان لەسەر بنەمای پێویستیی بەرامبەریان لەگەڵ یەکدی پێوەندییان دەبێ و ئاگاداری ئەو بابەتە هەن. ئەوەی دورکاریم، لەم بوارەدا دەیخاتە بەرباس، ئەو گۆڕانکارییانەیە بە سەرهەڵدانی شارنشینی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەم دیاردەیەدا پێکهات. بە بڕوای ئەو، یەکگرتوویی یا یەکترخوازی لە کۆمەڵگای کۆچەریدا(بچووك) بەهۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی تایبەتەوە لە جۆری یەکگرتوویی ئۆتوماتیك و ئامێرییە کە نائاگایانە بیچم دەگرێ، وەکوو پێکهێنەر و بەشە جیاوازەکانی ماشینێك کە لە یەك بەستراون و بەشێوەی ئۆتوماتیك دەبنە هۆی کەوتنە کار و جووڵەی ماشین. بەڵام لە کۆمەڵگای شاردا ئەم پرسە دەبێتە لۆژیکێکی تەکووزمەند و زانایانە کە دوورکایم بە یەکگرتوویی یا یەکترخوازیی جەستەیی یا ئۆرگانیك ناودێری دەکات، واتە تاکەکان وەکوو کۆمەڵێك ئەندامن و هەرکامەیان کارێك دەکەن و لەگەڵ یەکدی پێوەندییان هەیە کە ئاکامی ئەم کردەوە و پێوەندییەی نێوانیان، بەردەوامیی ژیانی ئۆرگانیکە. بەپێی ئەم پێناسە و هەڵسەنگاندنانە، شار و شاری نوێ چەقی ژیانی کەلانە و بەواتایەکی دیکە، ئێستا شارە کە چۆنیەتی هەناسەدان و زیندوویی گۆی زەوی و مرۆڤەکانی و تەنانەت بوونەوەرەکانی دیکەش دیاری دەکات، بۆیە دەکرێ شار وەك جەستەیەکی زیندوو لەبەرچاو بگیردرێ کە هێڵە سەرەکییەکانی ژیان لە خۆیدا دادەڕێژێ و دەیخاتە ڕوو. ئەوەی لەسەرەتادا باس کرا، هێمایەک بوو بە چەمکی شار و پێناسەی شار تاکوو بە بەرچاوڕوونییەوە چاو لە ڕۆڵ و چاوەڕوانییەکان لەهەمبەر شارەکانی کوردستان بکەین. ناکرێ باس لەهەر ڕەهەندێکی ژیانی نەتەوەی کورد بکرێ و خەبات بۆ ڕزگاری بەشێك لە باسەکە نەبێت. کورد و خەبات، نیشتمان و شۆڕش وەك دووانەی گرێدراوی یەکدی لەنێو هزری زۆرینەی تاکەکانی کورددا جێگیر بووە و بەردەوامیی خەبات و شۆڕش لە نێو کورددا، شێوازی ژیانی تاکی کوردی لەگەڵ زۆربەی نەتەوەکانی دیکە جیا کردۆتەوە و بەردەوام هەوڵ دراوە پێناسەیەکی نوێ و ساکار بۆ شوناس یا ڕابردوو و بوویەتیی کورد لەگەڵ خەبات و تێکۆشان هاوتەریب بکرێت. ئەم هەوڵانە درێژ بوونەتەوە تاکوو ئێستای قۆناغی نوێی ژیان و خەبات کە لێرەدا تەنیا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرباسی ئێمەیە. پاش تێپەڕبوونی چەند قۆناغ لە خەباتی مۆدێرنی ڕزگاریخوازیی کورد لە رۆژهەڵات کە بە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان دەست پێدەکا و چەند قۆناغی نسکۆ و بووژانەوە بەخۆیەوە دەبینێ و پێ دەنێتە

> ئاماژەکان دەیسەلمێنێ کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە مەودایەکی زۆرەوە ئاستی وشیاریی نەتەوەیی و شوناسخوازی لە پێشەوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان بیچمی گرتووە و پوختەتر بۆتەوە

سەدەی بیست و یەك، بارودۆخی ژیان و خەبات بەتایبەتی لە ناوچەی هەڵکەوتەی کوردستاندا گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا دێت و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای خەباتی ڕۆژهەڵات نەك کەمتر نابێتەوە، بەڵکوو هەوڵ دەدرێ وەك چارەنووسی پاش کۆماری کوردستان تا ساڵەکانی ٤٦_٤٧ی هەتاوی لێ بکرێ. ئەمە نە تەنیا بەهۆی هێزگرتنی ڕێژیمی داگیرکەر، بەڵکوو کۆمەڵێك فاکتی نێوخۆیی و دەرەکی بۆ ئەم بەرەو نسکۆبردنە هۆکار بوون . دەگوترێ پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان لەساڵی ١٩٩٠ەوە تا ٢٠١٠ی زایینی، بارتەقا و بگرە چەند بەرامبەر هەموو ئەو پێشکەوتنانەی مرۆڤە لە سەرەتای بوونیەوە تا ١٩٩٠. بێگومان بەشێکی بەرچاو لەم پێشکەوتنە ئەگەریش بە مەودایەکی هێندێ درەنگتر، ڕووی لە کوردستان کرد و لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا گۆڕانی قووڵی پێکهێنا، ڕوانگە و ڕوانینی تاکی کورد بۆ ژیان و ئاستی چاوەڕوانییان لە ژیان گۆڕانی بەسەردا هات. ئەگەرچی هەوڵی لاوازکردنی خەباتی ڕۆژهەڵات هەمەلایەنە بوو بۆ دابڕان لە کۆمەڵگا و کوشتنی هەست و شعوری شوناسخوازیی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات چڕ بوو و پێوەندیی ڕاستەوخۆی هێزی خەباتکاری سیمبول تا ئاستێکی بەرچاو نەما، بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی دۆست و دوژمن، ئەو هەوڵە ئاکامی پێچەوانەی هەبوو، نەك دارمانی کۆمەڵگا لەباری هزری و هەست و شعورەوەی بەدوادا نەهات، بەڵکوو هەموو ئاماژەکان دەیسەلمێنێ کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە مەودایەکی زۆرەوە ئاستی وشیاریی نەتەوەیی و شوناسخوازی لە پێشەوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان بیچمی گرتووە و پوختەتر بۆتەوە. بەڵام ڕوونە کە هەست و شعووری شوناسخوازی بە تەنیا ناتوانێ هۆکاری رزگاری و گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیی و نیستمانییەکان بێ، کە واتە بۆ ئەکتیڤکردنی ئەم پۆتانسیەلە داینەمۆیەك و ئەندازیارییەکی تۆکمە دەخوازێ تاکوو تێپەڕبوون لە نسکۆیەکی سەپێندراو بکەوێتە گەڕ و ڕاستەڕێی نە زۆر بێبەربەست ببڕێ. زۆرینەی دانیشتوانی شار لە توێژی نێونجیی کومەڵگا پێکدێ. ئەم توێژەی کومەڵگا لە ڕەوتی کامڵبوونی هزری و پێشکەوتنی ژیانی شارنشینیدا زیاتر لە توێژی سەرەوە و خوارەوەی کۆمەڵگا بەدوای شوناسی تاکەکەسی و نەتەوەیی خۆیدا گەڕاوە و دەگەڕێ. ئەم توێژە دەیهەوێ خۆی لەنێو ڕەوتی ڕووداوەکانی گۆڕانی هەمەلایەنەی کۆمەڵگا و وڵات و هاوکێشەکاندا ببینێتەوە و بەشێوەی


پراکتیک بەشداری گۆڕانکارییە کەلانەکان بێت. لێرەدایە کە گومان لە هەبوونی وزە بۆ ئەکتیڤکردنی داینەمۆی بزوێنەری خەبات دەڕەوێتەوە. حیزبی دێموکرات پاش ئەزموونکردنی ئەو قۆناغە بەهێز و لاوازانەی زیاتر لە حەوت دەیە، پاش کۆنگرەی ۱۳، دەستی دایە خوێندنەوەی وردی هەموو رەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی کوردستان و ئێران بەگشتی. خوێندنەوەکان و چەقی سەرنجەکانی ئەم خوێندنەوانە، شار و دانیشتوانی شار بوو. پێویستە لە کەوانەیەکدا بەکورتی خاڵێکی گرنگ باس بکرێت. لێرەدا گوند و دانیشتوانی گوندەکان لە پەراوێز نەخراون، بەڵکوو وەک روونە، لە هەموو خەبات و بەرخۆدانەکانی هاوشێوەی خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستان، گوندەکان و دانیشتوانی دابینکەری سەرەکیی سەرمایەی مرۆیی هێزی خەباتکار و لەڕاستیدا مەتەرێزی یەکەمی هێزی خەباتکاران بوون. لە کوردستانیشدا گوندەکان سەرچاوەی سەرەکیی سامانی سیاسی، مرۆیی و ئابووری و پشتیوانی هێزە خەباتکارەکانی رۆژهەڵات بوون و هەن. لەڕاستیدا حیزبەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەنێوان خۆیان و گوند و دانیشتوانی دانەناوە. بەڵێ ڕاستە کە گوند لە ڕەوتی خەباتدا مەتەرێزی شۆڕش بووە، بەڵام وەک چۆن دەڵێن هەموو ڕێگاکان دەچنەوە بانە، لێرەشدا دەبێ بڵێین هەموو گۆڕانکارییە کەلان و بنەڕەتییەکان شارەکان تۆماری دەکەن.

هۆکاری ئەمەش هەروەک لە سەرەوە باس کرا، دەگەڕێتەوە بۆ چڕبوونەوەی ناوەندە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان و ڕێژەی بەرزی دانیشتوانی شار لەچاو گوندەکان هۆکارن بۆ سەرنج خستنە سەر وزە و پۆتانسیەلی شارەکان و بیرکردنەوە لەخستنە گەڕیان و بەشداریکردنیان لە ڕەوتی گۆڕانکاریدا. ئەگەر سەرنج بخەینە سەر خوێندنەوە و گوتارەکانی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر کۆمەڵێک پرس و دیاردەی چەند ساڵی ڕابردووی کوردستان و ئێران و ناوچەکە، دەردەکەوێ کە هەڵوێست و بڕیارەکان تاڕادەیەکی زۆر لەجێی خۆیدا بوون و وادەنوێنێ لەسەر بنەمای لۆژیک و واقیعبینیی سیاسی بوونە. سێ ساڵ پێش لە بڕیارێکی مێژووییدا، حیزبی دێموکرات قۆناغێکی نوێی لە خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوە و نیشتمان ڕاگەیاند. ئەم قۆناغە نوێیە ڕاسانە. چەمکی ڕاسان تێکەڵ بە ئەدەبیاتی سیاسی و شۆڕشگێڕیی خۆرهەڵاتی کوردستان بوو، بەڵام ڕاسان ئامانجێکی زۆر ڕوون و جیاواز لە تاکتیکەکانی ڕابردووی خستە بەرباس و بەربێژی سەرەکی دانیشتوانی شارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بوو. ڕاسان زۆر بەڕوونی ئاکامی خوێندنەوە و توێژینەوە و لێکدانەوەی چەند ساڵەی حیزبی دیمۆکراتی لە دروشمێکی ئامانجدار یا دەکرێ پێی بگوترێ ستراتیژێکدا خستە ڕوو.

### گرێدانی خەباتی شاخ و شار


لێرەدا شار دوایین مەنزڵ و بەربێژە، چوونکە شاری نوێ یا شاری سەدەی ۲۱ی خۆرهەڵاتی کوردستان لە ڕووی هزرییەوە گەشەیەکی زۆر بەرچاوی بووە و جەستەیەکی زیندووی بەواتای ڕاستەقینە چالاکە. زۆرینەی بە شارەکانی کوردستان، لانیکەم لە یەک دەیەی ڕابردوودا زۆر ڕوون و ئاشکرا لە شوناس و زیندووبوونی خۆی خاوەندارێی کردووە و هەموو دەرفەتێکی قۆستۆتەوە بۆ بەرهەمهێنانەوەی وزە و هێزی بزوێنەر. کە واتە هەڵبژاردنی بەربێژی سەرەکی، واتا «شار»، لەلایەن «ڕاسان»ەوە کە نوێنەرایەتی یا ناسنامەی ئێستای هێزی شاخە، لە جێی خۆیدا بووە و زۆر وشیارانە دوا بڕیاری لێدراوە. ئەگەر بەراوردێک لەنێوان شارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان و شاری وڵاتانی دیکە بکرێ، لەوانەیە کۆمەڵێک وێکچوویی پێکهێنەری لەنێوانیاندا هەبێ و هەردووک لا توخمە سەرەکییەکانی پێناسەی شار لە خۆ بگرن. بەڵام هەروەک ڕوونە، هاوکات بە هۆکارگەلێکی زۆر، جیاوازیی بنەڕەتیشیان تێدا بەدی دەکرێ. کوردستان بە شار و گوند و سرووشتییەوە داگیرکراوی دەستی ڕێژیمێکە نەک تەنیا کوردستان، هەموو ئێرانی لە هەموو بوارەکانی مرۆیی و سروشتییەوە بەرەو مایەپووچبوون بردووە، بەڵام ئەوەی ئەو سیستمە ئیدئۆلۆگە بەسەر ئێرانیدا هێناوە، لە کوردستان چەند قات بووە و دەکرێ بە بێ دوودڵی بگوترێ ئەگەر لە توانایدا بایە، کوردستانی وەک بیابانەکانی خۆیان لێدەکرد. بەڵام لەوپەڕی سەرسوڕمانەوە، وەک پێشتر باس کرا، هەموو ئەو سیاسەتە دیکتاتۆر و فاشیستیانە ئاکامی پێچەوانەی لێکەوتەوە و شارەکانی کوردستانی زیاتر بەرەو چالاکتربوون و خۆپاراستن هان دا. لەوانەیە نموونەی زۆر نەبێ کە شارێک یا ناوچەیەک لە دونیادا بە ڕادەی کوردستان پیلانی لەسەر بەڕێوە چووبێ و هەروا خۆڕاگر بێ. کە واتە شارەکانی کوردستان بە واتای ڕاستەقینە تێوریی واکسیناسیۆنی سەلماند و تا زیاتر گوشاری خرایە سەر، ئاستی خۆڕاگریی بەرزتر بووەوە.

کوردستانی خۆرهەڵات پۆتانسییەلی ناچالاکی بۆ خەبات لە بوارە جیاوازەکاندا زۆر و بەربڵاوە. ئاستی وشیاریی نەتەوەیی و مرۆیی و وڵاتپارێزی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە و دەکرێ بە دڵنیاییەوە بگوترێ لە ئاست ئێراندا، کوردستان داهێنەرترین و چالاکترین ناوچە بووە و لانیکەم لە ۱۵ ساڵی ڕابردوودا تەنیا ناوچەی جوگرافیای ئێران بووە کە خەبات لە بواری مەدەنی و ژینگەیی و سیاسیدا بەردەوام هەبووە، ئەمەش بە واتای بەدەستهێنانی ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی و بە کۆمەڵە. هەڵبەت دەبێ ڕاستییەکی کۆمەڵگای






کوردستان کە ئاوا ئەکتیڤ بوونی خۆی ڕاگرتووە، لەبەرچاو بگیردرێ. کوردستان خاوەن بەڕابردووترین حیزبی زیندوو، چالاك و ڕێکخراوە کە تا ئێستاش پردی پێوەندیی لەگەڵ خەڵکەکەی ئەگەریش لاواز بووبێ، نەڕووخاوە و ڕوو لە نۆژەنبوونەوەیە. ئەو حیزبە سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان، کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگا لە ئاستێکی بەرزدا ڕاگرتووە. دەسەڵاتی ئێران و نەیارانی نەتەوە و حیزب لە دوو دەیەی ڕابردوودا بە شێوەی پڕاکتیك لە هەوڵی دانانی ئاڵترناتیڤ بۆ حیزبی دێموکرات بوون و هەموو ڕێگایەکیان تاقی کردۆتەوە، بەڵام بەپێی چەند پێوەری سەرەکی کە دەکرێ سیاسەتی لۆژیکی و دروستی ئەم حیزبە سەرەکیترینیان بێ، ئەو تاقیکارییانە ڕەنجی بەخەسار چووە و هەردووک لا سەریان لە بەرد داوە. بۆیە کۆمەڵگای خۆرهەڵات لە ژێر کاریگەریی ئەرێنیی دڵسۆزانی خۆیان، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پلەی وشیارییان بردە سەرێ و بوونە پوتانسیەلی سەرەکیی خەباتی ڕزگاریخوازی و ڕاسانیش ئەو ڕاستییەی لە گونجاوترین کاتدا درك پێکرد و کەوتە لێکدانەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو پۆتانسیەلە. هەروەك ئاماژەی پێکرا، زۆرینەی دانیشتوان و چالاکانی مەدەنی و ژینگەیی و خوێندەوار و خوێندکارانی کوردستان دانیشتووی شارەکانن، کە واتە زۆر سروشتییە ئەگەر ڕاسان و ڕاسانییەکان ئەو کۆمەڵگا و ناوەندانە بکەنە بەربێژ و تاکتیکەکان بەپێی ئاستی وزە و توانای ئەو ناوەندانە ڕێك بخەن. هەروەك ڕاسانییەکان زۆرجار هێمایان بۆ کردووە، خەباتی شاخ، واتا بۆ گەیشتن بە ئامانج، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شاخ، پشت و پشتیوان و یاریدەری خەڵکی کوردستانە. هەموومان دەزانین پێشتر پێشمەرگە تەنیا یەك ڕوانین بەرامبەری هەبوو: پێشمەرگە، هێزی ڕزگاریدەری کورد و کوردستانە. ئەم ڕوانگە و پێناسەیە بەجۆرێك وەڕاست دەگەڕێ و هێزی پێشمەرگە، بۆ پارێزگاری لە کەرامەتی تاکی کورد و پاراستنی خاکی کوردستان پێکهێنرابوو و لە کاتی خەباتی شاخدا یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕزگاریی خاك و خەڵکی کوردستان بووە، بەڵام ئەم ڕوانگەیە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ناتەواویی و هەڵەدا بەرەوڕوو بووە، چوونکە ڕاستە هێزی پێشمەرگە تاقە ئامانجی ڕزگاریی کوردستانە، بەڵام لە پێناسەیەکی ئاوادا زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان بەکردەوە دەکەونە پەراوێز و لە چاوەڕوانیدا دەبن، تاکوو هێزی پێشمەرگە ڕزگاریان بکات کە ئەمەش بەپێی هەر پێوەرێك بێ، ئەو ڕزگارییە وەدی نەدەهات هەروەك چۆن تا ئێستا وەدی نەهاتووە. بەڵام لە قۆناخی نوێی خەباتدا کە ڕاسان ناسنامەیەتی و بڕیاری گرێدانی خەباتی شاخ و شاری داوە، پێناسەیەکی نوێ بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی کراوە و ئیدی، ئەکتەرەکانی خەباتی ڕزگاریدەر تەنیا هێزی پێشمەرگەی شاخ نییە و ئەو هێزە وەك بنەما و بنەڕەتی هێزی ڕزگاری نیشان دەدرێ و چی دیکە تاکە هێزی بەرەنگاری، پارێزەر، خەباتکار و شۆڕشگێڕی کوردستان نییە، بەڵکوو ڕاسان بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە خەباتی ڕزگاری دەبێ بە بەشداریی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بێت، لێرەدا شار دەبێتە چەقی خەبات و شاخیش، پشتیوان و ڕێکخەری چالاکانی شار دەبێت. بە کورتی، ڕاسان بەشێکی زۆر لە پێناسەکانی ڕابردووی لە پێوەندی لەگەڵ خەباتدا جارێکی دیکە داڕشتۆتەوە و بە بیچمێکی نوێ جێی پەسەندی زۆرینە پێناسە و پێشکەش کردۆتەوە. هەروەك لە سەرەوە باس کرا، کۆمەڵگای شار کە زۆرینەی لە توێژی مامناوەندی پێك هاتووە، چاوەڕوانییەکانی بۆ لەبەرچاوگیران و لەپەراوێز نەکەوتن دێتە دی و خۆی بە بەشێك و هاوتەریب لەگەڵ خەباتگێڕان دەزانێ و بەکردەوە دەبێتە داینەمۆی بەرەوپێشچوونی ڕەوتی خەباتی ڕزگاری. هاوکات پردی پێوەندیی نێوان شاخ و شار کە هەردووك یەك ئامانجیان هەیە، بەهێزتر دەبێ و لەم ڕێگایەشەوە ڕەوتی پەروەردەی هزری و بڕوابەخۆبوون و دوورکەوتنەوە لە پاسیڤبوون زیاتر گەشە دەکات و بەکردەوە، خەبات و دەستکەوتەکانی داهاتووی ئەو خەباتە دابەش دەکرێ بەسەر ڕێژەیەکی زیاتری تاکەکانی کۆمەڵگا و خاوەنداریەتی لە گشتییەتی نیشتمان دەکەوێتە ئەستۆی هەمووان. هەموو ئاماژەکان دەسەلمێنن بیرۆکەی گرێدانی



خەباتی شاخ و شار تا ئێستا بە باشی چووەتە پێش و بەردەوام لە کامڵبووندایە. بەڵام ئەو ڕەوتە لەوانەیە تا گەیشتن بە لووتکە، کاتی زۆرتری بوێ و دیارە هۆکاری ئەمەش تەنیا لە کەمیی کەرەستە و ئامرازی ڕاپەڕاندنی ئەو پرۆژە نییە، بەڵکوو هەر بەو ڕادەیەی ڕاسان هەستی بە گرنگیی ئەم پرسە کردووە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش زۆر باش دەزانێ بەرەوپێشچوونی ئەم پرۆسەی گرێدانی خەباتی شاخ و شارە چ واتایەکی هەیە و دەبێتە هۆی چ قەیرانێکی قووڵتر لەوەی تا ئێستا هەبووە. بۆیە هەموو توانا و ئامرازەکانی سەرکوتی ئازادیخوازان و خەباتگێڕانی خستۆتە گەڕ و لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆیی خۆی نەبواردووە و هەموو شتێك دەکات بۆ لەباربردنی گشتییەتی قۆناغی نوێی خەبات، واتا ڕاسان. بەڵام چ لە شاخ و چ لە شار، سەرەڕای خەسارە قورسەکانی سەرەتای دەستپێکی قۆناغی نوێ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تۆکمەتر، بەئەزموونتر و کاریگەرتر ڕەوتی خەبات دەبەنە پێش و خەسارەکان کەمتر و پردی پێوەندیی نێوان شاخ و شار پتەوتر دەبێ و بووژانەوەی هیواکان زیاتر و بەرهەستتر گەشە دەکات. خەڵکی خەباتگێڕ بەتینتر لە ڕابردوو لە ڕەوتی خەباتدا بەشدار دەبن و خۆیان وەك ئەندامێك لە جەستەی زیندووی خەبات و شاردا دەبیننەوە. خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستان، لە دڵی کۆمەڵگای کوردستانەوە هەڵقوڵاوە و بەشدارانی ئەم خەباتە، ئێستا هەموو توێژ و پیشە و کەسایەتی و ڕوانگەیەکی دێموکرات لە خۆیدا دەبینێ و ڕیزی خەباتگێڕان، تا دێ ڕەنگینتر دەبێ. کاتێکیش لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لە خەباتێکدا بەشدار بن، ئەگەری سەرکەوتنی ئەو خەباتە مسۆگەرە و ڕزگار بوون لە چوارچێوەی داگیرکاریی ئەویدی، بێگومانتر دەبێ. ڕاسان ئێستا بەشێکی حاشاهەڵنەگر لە خەباتی خۆرهەڵاتە، دانیشتوانی کوردستان و بەتایبەت شارەکان، دیواری هیوایان بە ڕزگاری، لەسەر بنەما هزرییەکانی ڕاسان هەڵچنیوە. ڕاسان بەردەوام لە هەوڵی نوێکردنەوەی پێناسەکانی پێوەندیدار بە خەباتی ڕزگاری و کۆمەڵگا و شار و شاخ و پێشمەرگەیە و ئەم ڕەوتە پاش ڕزگاریش درێژەی دەبێ.



# ٣

# شار و ڕاسان

ئیدریس ئەحمەدی




**سێ تایبەتمەندی شار: لە بری پێشەکی**

چ لە پەیوەندی لە گەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، چ لە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییدا، سێ تایبەتمەندیی شار گرنگییەکی تایبەتی پێ بەخشیوە وەک مەیدانی خەبات: یەکەمیان، قەبارەی مەزنی شارە؛ دووهەمیان، ژمارەی زۆری حەشیمەت و چڕبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە شاردایە؛ سێهەمیان، هەبوونی فرەچەشنییە لە شاردا، چ لە بواری چین و توێژی جیاوازی کۆمەڵایەتییەوە، چ لە ڕووی لەئارادابوونی ڕەوتی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەی مەدەنی و سیاسیی جیاوازەوە، جا بە شێوەی شاراوە بێ وەک لە وڵاتە سەرەڕۆکان، یا بە شێوەی ئاشکرا بێ لە وڵاتانی ئازاد و دێموکراتیکدا.

گرنگیی ئەو سێ تایبەتمەندییەی شار بە بەراورد لەگەڵ قەبارەی بچووک، کەمبوونی ژمارەی حەشیمەت و چڕنەبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها نەبوونی فرەیی لە ژیانی لادێدا دەردەکەوێ.

هەڵبەت دەبێ لەو پەیوەندییەدا، چەند تێبینییەک ڕەچاو بکرێن:

•یەکەم، ئەو سێ تایبەتمەندییەی شار، تەنیا وەک مایە لە شاردا هەن، نەک ئەوەی لە خۆیاندا و لە هەموو کاتێکدا بۆ خەبات دەرفەت بن. بۆ ئەوەی ببن بە دەرفەت، دەبێ خەباتی ڕێکخراو لە ئارادا بێ.

> «چەندە شار گرنگە بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی بۆ بەرەوپێشبردنی خەبات و گەیشتن بە ئامانجەکانیان، ئەوەندەش بۆ دەسەڵات یان حکومەت، هەم حکومەتی دێموکراتیک هەمیش حکومەتی سەرەڕۆ»

•دووهەم، لە وڵاتانی سەرەڕۆ و دیکتاتۆردا، دەکرێ بڵێین پرۆسەی سیاسی بەو شێوەیەی کە لە وڵاتانی دێموکراتیکدا هەیە، هەڵپەسێردراوە. بە واتایەکی دیکە، لە کاتێکدا لە وڵاتانی ئازاد و دێموکراتیک، مافی بەیان، ئازادیی چاپەمەنی، ئازادیی کۆبوونەوە، مافی پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسی، دواجاریش هەبوونی پلورالیزمی سیاسی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەر کە دەرفەت بە خەڵک دەدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە سیاسەتدا بەشدار بن. لە وڵاتانی سەرەڕۆ و دیکتاتۆدا، ڕێژیمی حاکم لە ڕێگای زەبروزەنگەوە خۆی دەسەپێنێ، سیاسەتدانان لە بڕیاری ناوەندگەرا یان تەنانەت بڕیاری تاکەکەسیدا قەتیس دەمێنێتەوە. ئەم جیاوازییەی نێوان وڵاتانی دێموکراتیک و سەرەڕۆ، بێگومان هەروەها کارتێکەریی لەسەر شار وەک مەیدانی خەبات هەیە. ئەمەش مەسەلەیەکە کە دواتر لە پەیوەندی لەگەڵ ئێران و کوردستانی ئێراندا، زۆرتر شی دەکرێتەوە.

•سێهەم، چەندە شار گرنگە بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی بۆ بەرەوپێشبردنی خەبات و گەیشتن بە ئامانجەکانیان، ئەوەندەش بۆ دەسەڵات یان حکومەت، هەم حکومەتی دێموکراتیک هەمیش حکومەتی سەرەڕۆ، گرنگە بۆ ڕاگرتنی نیزامی باو و مانەوە لە دەسەڵات. هەڵبەت، هەر کامەیان بە شێوەی جیاواز و بە کەڵکوەرگرتن لە مێتۆدی جیاواز ئەو کارە دەکەن، بەڵام



هەردووکیان ئامانجیان کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگایە. شار لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و کوردستاندا بە لە بەرچاوگرتنی ئەو باسەی سەرەوە، دەبێ جەخت بکرێتەوە کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بە هۆی سەرەڕۆبوون و دیکتاتۆربوونی دەسەڵاتی سیاسی، سیاسەت لە ئێراندا هەڵپەسێردراوە. ئەمەش وای کردووە کە جەماوەر لە باتی ئەوەی سابجێکت یان بکەری سیاسی بێ، ئۆبجێکت یان بابەتی کۆنترۆڵکردن و پاسیڤکردنە. بە واتایەکی دیکە، جەماوەر لە ئێراندا خاوەن ماف نییە، ئازادیی و مافە دێموکراتیکەکانی لێ زەوت کراوە. کۆماری ئیسلامی بەردەوام و بە کەڵکوەرگرتن لە دەزگا سیخوڕی و داپلۆسێنەرەکانی، هەروەها لە ڕێگای سیستمی پەروەردە و ڕاگەیاندنەوە، هەوڵ دەدا جەماوەر کۆنترۆڵ بکا، ئەگەریش بۆی کۆنترۆڵ نەکرێ، سەرکوتی دەکا.

ئەمەش وای کردووە لە ئێرانی ئەوڕۆدا، شار، سەرەڕای ئەوەی مایەی تێدایە ببێ بە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانێی مەدەنی، زۆرتر بووە بە گۆڕەپانی کۆنترۆڵکردن لە لایەن دەسەڵاتی سەرەڕۆوە. پاشان، شار لە ناوچە فارس نشینەکان و کوردستان، هەڵسوکەوتی جیاوازیان لەگەڵدا دەکرێ. شار لە ناوچە فارس نشینەکان، شوێنی وەبەرهێنان و ئاوەدانییە، لە کاتێکدا لە کوردستان شار نەک تەنیا ئەو بایەخەی پێ نادرێ، بەڵکوو بەردەوام بابەتی «ئاسایشی نەتەوەییە» بۆ دەوڵەتی ئێران. پێویست بە گوتن ناکا، کە ئەمە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی لە کوردستان دەگەڕێتەوە. بەکورتی، ئەگەر شار لە ناوچە فارس نشینەکان بابەتی کۆنترۆڵکردنە، لە کوردستان شار بە واتا بەرینەکەی بابەتی کۆلۆنیزەکردنە. ئەو جیاوازییەی نێوان ناوچە فارس نشینەکان و کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی نەتەوەی کورد مەیلی بەربەرەکانێی زۆرتر بێ. ئەمەش بە نۆرەی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد و کۆلۆنیزەکردنی کوردستان لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە. هەڵبەت چەوساندنەوە لە خۆیدا بەس نییە بۆ سەرهەڵدانی ئەو مەیلە و ئاراستەدانی بەرەو گۆڕەپانی کردەوە. ئاڵقەی نێوان مەیل و کردەوە، ڕێکخستنە. هەر ئەمەشە کورد لە نەتەوە چەوساوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە. ئەوان بە بارتەقای کورد ڕێکخراو نەبوون و نین، هەرچەند لە بەلوچستان و ئەهواز، بارودۆخ بەرەو گۆڕان دەڕوا. بێگومان هەروەها پێکهاتنی کۆماری ئازەربایجان، لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی ئازەریدا قۆناخێکی جێگای سەرنجە.

لە کۆمەڵەی ژێکافەوە تاکوو شۆڕشی ١٩٧٩



پێگەی هەرکام لە گوند و شار لە مێژووی سیاسیی هاوچەرخی کوردستاندا، گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەرچەند زانیاریی ورد لەمەڕ ئەم پرۆسە مێژووییە لە ئارادا نییە، بەڵام بە چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژووی هاوچەرخدا، دەتوانین هێما بە چەند خاڵێکی گشتی لەو بارەوە بکەین.
لە سەرەتای سەدەی بیست، شار، بە تایبەت شاری مەهاباد، ببوو بە گۆڕەپانی سەرهەڵدانی ڕێکخستنی مۆدێرنی ناسیۆنالیستی کورد. سەرهەڵدانی کۆمەڵەی ژێکاف، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو قۆناغە و پێگەی شار وەک بەرهەمهێنەری ڕێکخستنی مۆدێرن بوو. هەڵبەت شارەکانی کوردستان ئەوکات کەم حەشیمەت بوون، هەر بەو بۆنەشەوە، لە بواری چڕی و فرەچەشنییەوە، وەک ئێستا گەشەیان نەکردبوو.
لەلایەکی دیکەوە، ئەوکات پارسەنگی هێز، بە تایبەت لە ڕووی توانایی نیزامییەوە، بەلای گوندا شکابووەوە، چوونکە لەو سەردەمەدا، زۆرینەی حەشیمەتی کوردستان گوندنشین بوون، نەک شارنشین. لە لایەکی دیکەوە، ئەوە سەرۆک عەشیرەکان و موڵکدارەکانی ئەوکاتی کوردستان بوون کە هێزی چەکداریان لەبەردەستدا بوو.
کۆمەڵەی ژێکاف ڕێکخراوێک نەبوو لە فۆرمی تەواوی حیزبی سیاسی باودا. ڕەنگبێ هەڵەمان نەکردبێ ئەگەر بڵێین زۆرتر کۆمەڵەیەکی کولتووری و سیاسی بوو کە نوخبەی ئەو کاتی مەهاباد دایمەزراندبوو، هەرچەند لە هێندێک لە شارەکانی دیکەی کوردستاندا ئەندامی هەبوو، هەروەها لەگەڵ هاوبیرانی لە حزبی هیوا لە باشوور پەیوەندیی هەبوو و گۆڤاری نیشتمانیشی دەردەکرد.
لە لایەکی دیکەوە، کۆمەڵەی ژێکاف پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لە سەر گشت خاکی کوردستان وەک دوائامانج بۆ خۆی دانابوو. هەڵبەت لە یادداشتێکدا کە پێشکەشی دەوڵەتی ئێرانی کردبوو، دەکرێ بڵێین داوای ئەوەی دەکرد تاکوو کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی، دان بە خودموختاریی کوردستاندا بنرێ، پاشان، دوای کۆتایی شەڕ، داوای دیاریکردنی مافی چارەنووسی لە شکڵی سەربەخۆیی دەکرد، ئەویش دواجار لە ڕێگای دانوستاندنەوە لە گەڵ دەوڵەتی ئێران.
دەکرێ بڵێین بەرنامە سیاسییەکەی کۆمەڵەی ژێکاف، داوای پرۆسەیەکی هاوشێوەی ڕێفراندۆمی ساڵی پێشووی باشووری کوردستانی دەکرد.
لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵەی ژێکاف پرۆژەیەکی سیاسیی مەزنی هەڵگرتبوو، نەک تەنیا لە بواری ڕێکخستنییەوە، بۆشاییەکی لە نێوان توانا و

> ئەگەر ڕێبەرایەتیی کۆمەڵەی ژێکاف خۆی نەگۆڕابا بە حیزبی دێموکرات و پێشەوا قازی محەممەدیان نەکردبا بە ڕێبەری حیزب، هەروەها ئەگەر سەرۆک عەشیرەکان و مالکەکانیان لەو پرۆسەیەدا بەشدار نەکردبا، نەدەکرا کۆماری کوردستان دابمەزرێنن.

ئامانجدا بۆ پێک هێنابوو، بەڵکوو هەروەها بە هۆی هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی بەرانبەر بە سەرۆک عەشیرە و مالکەکانی کوردستان وێڕای ڕەتکردنەوەی دەوری هێزی چەکدار لە خەباتدا، خۆی سنووردار کردبوو. کۆمەڵەی ژێکاف ئەو سیاسەت و هەڵوێستانەی لە بارودۆخێکی زۆر دینامیکیی ئەوکاتی شەڕی دووهەمی جیهانی، کە هێزی نیزامی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی تێدا دەبینی، دەردەبڕی و پرۆپاگەندەی بۆ دەکردن. دواجار کۆمەڵەی ژێکاف پێداچوونەوە بەخۆیدا دەکا و بۆ ئەوەی بتوانێ ببێ بە ڕێکخستنێک کە توانایی ئەوەی هەبێ بەهێزتر ببێ و سیاسەتەکانی لەگەڵ پارسەنگی هێزی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بگونجێنێ، لە شکڵی تەواوی حیزبێکی سیاسیدا خۆی دەگۆڕی.

ئەگەر ڕێبەرایەتیی کۆمەڵەی ژێکاف خۆی نەگۆڕابا بە حیزبی دێموکرات و پێشەوا قازی محەممەدیان نەکردبا بە ڕێبەری حیزب، هەروەها ئەگەر سەرۆک عەشیرەکان و مالکەکانیان لەو پرۆسەیەدا بەشدار نەکردبا، نەدەکرا کۆماری کوردستان دابمەزرێنن. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە کۆماری کوردستان ئامانجی ئەوە نەبوو کە هێزی نیزامیی خۆی بەرهەم بێنێ. بەپێچەوانەوە، هەر ئەوکات، بەشێک لە هێزی نیزامیی کۆمار، هی کۆمار خۆی بوو. بارودۆخێکی زۆر دینامیک و مەترسیدار وای کرد کۆمار دواجار لەنێو بچێ، دەنا حیزبی دێموکرات بە جیددی کاری لەپێناو بەدامەزراوەییکردنی حکومەتی کوردی دەکرد. ئیرادە، ڕێکخستن و ستراتیژی هەبوو، بەڵام لەمپەر کەمووکوڕییە نێوخۆییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری وێڕای کەمبوونی کات و نەبوونی پشتیوانیی نێودەوڵەتی، دواجار کۆماری کرد بە ئەزموونێک لە حکومڕانیی کەم تەمەنی کوردی، هەڵبەت لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە، دیسان پردەسکەوت و دەوڵەمەند لە میراتدا. لەنێوچوونی کۆمار بابەتی وتارێکی دیکەیە. ئەوەی لێرەدا گرنگە جەختی لەسەر بکرێتەوە، ئەوەیە کە شار لە ئەوکاتی کوردستاندا، پێویستی بە گوند بوو، ئەویش بەهۆی پارسەنگی هێزەوە. لە دەیەکانی دوای لەنێوچوونی کۆماریشدا، گوند هەر گرنگیی خۆی لە خەباتی گەلی کورددا هەبوو. بووژانەوەی خەباتی حیزبی دێموکرات لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠دا و ئەو خەباتە چەکدارییەی کە بە شۆڕشی ٤٦-٤٧ ناسراوە، بەڕوونی دەوری گوند وەک پەناگای هێزی پێشمەرگە نیشان دەدا.

لە قۆناخی سێهەمدا، پاش شۆڕشی ١٩٧٩، سەرەتا شار دەبێ بە مەیدانی سەرەکیی خەباتی نەتەوەیی. هەرچەند ئاماری ورد لە هەموو بوارەکاندا لەبەردەستدا نییە، بەڵام گومانی تێدا نییە کە شارەکانی کوردستان لە ڕووی قەوارە، چڕی و فرەچەشنییەوە، گەشەیان سەندبوو، هەرچەند ئامانجی دەوڵەتی ئێران هەمیشە ئەوە بووە کە پێش بە پێشکەوتنی کوردستان بگرێ. بۆیە، لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان، شارەکانی کوردستان دانیشتوانیان زیادی کردبوو، هەر بەو بۆنەوە، قەوارەیان بە بەراورد لەگەڵ چلەکان و سەردەمی سەرهەڵدانی کۆمەڵەی ژێکاف بەرفراوانتر بوون؛ چڕیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زیادی کردبوو، کە لە تەیاربوونی بەرچاوی جەماوەر لە شکڵی مەدەنیدا خۆی دەردەخست؛ هەروەها وێڕای حیزبی دێموکرات وەک سەرەکیترین هێز، کۆمەڵێک ڕێکخراوی دیکە کە پابەندبوون بە ئایدیۆلۆژی مارکسیستی، مارکسیست-لێنینیستی، ماویستی و تەنانەت ئیسلامی – لەوانە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، چریکی فیدایی، سازمانی خەبات و هتد – سەریان هەڵدابوو و هەریەکە و بە پێی سەنگی خۆی و شێوەی خۆی، حزووریان لە کۆمەڵگای کوردیدا هەبوو.

**شار مێحوەری ڕاسان**

بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان، خۆرهەڵات - کە بە پێی پانتایی جوگرافی و حەشیمەت، دووهەمین بەشی کوردستانە - لە دوو دەیەی ڕابردوودا تووشی نسکۆ هاتبوو. لە سێ ساڵی ڕابردوودا، ڕاسان ئەو دۆخەی گۆڕی. ڕاسان نەک تەنیا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی خۆرهەڵاتی بووژاندەوە، بەڵکوو هەروەها سەلماندی کە دانانی خەباتی چەکدارانە و تێکۆشانی مەدەنی لە بەرانبەر یەکتردا، کارێکی چەوتە. چەند ساڵێک بوو، زۆر لایەن سەرقاڵی باسێکی بێهوودە بوون لەمەڕ ئەوەی ئایا بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵات، خەباتی چەکدارانە بەرپا بکاتەوە یان تێکۆشانی مەدەنی بکا. لە ڕاساندا، تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە و خەباتی مەدەنی لە شارەکاندا، تەواوکەری یەکتر دەبن، هەرچەند لە ڕاساندا، گرنگییەکی تایبەت یان ستراتژیک بە شار دەدرێ. بەپێچەوانەی زۆر قۆناغی دیکەی خەبات لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا، ڕاسان چاوەڕوانی نەبوو بۆ هەڵکەوتنی دەرفەتی لەبار، بەڵکوو هەوڵێکی دەسپێشخەرانەیە بۆ خوڵقاندنی دەرفەت. دەکرا ڕاسان پێشتر بەرپا کرابا، بەڵام کۆمەڵێک فاکتەری دەروون ڕێکخراوەیی و جیۆسیاسی وایان کرد بەرپابوونی ڕاسان، تاکوو ٢٠١٥ بخایەنێ. ئێرە جێگای باسکردنی ئەو فاکتەرانە نییە، بەڵام هۆی گرنگیدان بە خەباتی شار دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی خێرابوون و بەربڵاوبوونی پرۆسەی شارنشینی لە خۆرهەڵات لە چەند دەیەی ڕابردوودا. ڕاستە، لە قۆناغی دەسپێکی ڕاساندا، پێشمەرگە و خەباتی شاخ بنەما بوون، بەڵام ڕاسان لەگەڵ ئەوەی بەردەوامیی خەباتی چەندین دەیەی حزبی دێموکراتە، هاوکات قۆناغێکی نوێیە لە تێکۆشان کە دەکرێ بڵێین شارمێحوەرە.

> ڕاسان نەک تەنیا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی خۆرهەڵاتی بووژاندەوە، بەڵکوو هەروەها سەلماندی کە دانانی خەباتی چەکدارانە و تێکۆشانی مەدەنی لە بەرانبەر یەکتردا، کارێکی چەوتە.

ڕاسان ئامانجی کورتمەودا و دوورمەودای هەیە. ئامانجی دوورمەودای ڕاسان وەدەستهێنانی سەروەرییە بۆ نەتەوەی کورد لە سەر خاکی خۆی، هەڵبەت بە گوێرەی بەرنامەی سیاسیی ئێستای حیزبی دێموکرات و زۆربەی ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی ئێران، سەروەرییەکی ڕێژەیی یان سنووردار لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فێدراڵدا. ئەو ئامانجە پێشتر خودموختاری بوو. دەکرێ دیسان بگۆڕدرێ. بەڵام ئامانجی کورتمەودا یان دروستترە بڵێین نێوانمەودای ڕاسان ئەوەیە کە لە ڕێگای تێکۆشان و فیداکاریی هێزی پێشمەرگەوە، شار بجووڵی و هێزی جەماوەری شار ڕێک بخرێ تاکوو خەباتێکی بەرفراوانی جەماوەری بێتە ئاراوە. بە واتایەکی دیکە، پێشمەرگە ورە و هێز بە جەماوەر لە شارەکان دەبەخشێ.

ڕاسان تاکوو ئێستا کۆمەڵێک دەسکەوتی هەبووە. فیداکاری و قوربانیدانی پێشمەرگە بووەتە هۆی ئەوەی دیسان لە دونیادا باسی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵات بکرێ، بەڵام لەوەش گرنگتر، خەڵکی کوردستان هیوایان بە ڕزگاری بۆ گەڕاوەتەوە. کردنەوەی باوەش بۆ پێشمەرگە لە سێ ساڵی ڕابردوودا، داخستنی بازاڕ لە ٢٢ پوشپەڕی ساڵی ٢٠١٥دا، بەڕێوەبردنی کەمپەینی «جاماناکان» لە نەورۆزی ٢٠١٦دا، هەروەها هەڵمەتی فریاکەوتنی لێقەوماوانی زەوی لەرزە لە کرماشان لە ساڵی ڕابردوودا، هەموو گوزارشتن لە شارمێحوەری و دەسکەوتەکانی ڕاسان.

ئەگەر دوای شۆڕش پێشمەرگە ناچار بوو شار چۆڵ بکا بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی وێرانیان نەکا و خەڵکی مەدەنی نەکوژرێن، ئەوڕۆ پێشمەرگە، وەک هێزی هاندەر و هیوابەخش، گەڕاوەتەوە بۆ نێو شار. لە ڕابردوودا، قورسایی خەبات لە سەر گوندەکانی کوردستان بوو. ڕاسان لەمەوبەدوا، ئەو قورساییە دەخاتە سەر شانی شار.

## دوا کوتە

هەرچەند زیادبوونی پرۆسەی شارنشینی و شکانەوەی پارسەنگی هێز بەلای شاردا لە کوردستان لە زۆر ڕووەوە خاڵی ئەرێنی تێدایە، ڕەچاوکردنی چەند تێبینییەک پێویستە.

یەکەم، ئێستاشی لەگەڵ بێ، بەشێکی بەرچاوی هێزی پێشمەرگە لە کچان و کوڕانی گوند وشار و شارۆچکەکانی کوردستان پێک هاتووە. خەڵکی هەژاری نێو شارەکانیش لە نێو هێزی پێشمەرگەدا، حزووریان بەرچاوترە تاکوو ئەوانەی سەر بە چینی نێوەڕاستن، هەرچەند نوخبەی خوێندەواری کۆمەڵگا هەم لە نێو هێزی پێشمەرگە، هەمیش لە ڕێکخستەکانی حیزبی دێموکراتدا حزووری بەرچاویان هەیە.

لە ڕاساندا، کچان و کوڕانی گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستان، لە سێ ساڵی یەکەمی ڕاساندا، زۆرترین دەوریان گێڕاوە هەم بە تەحەمولکردنی بارودۆخی دژواری ژیانی شاخ، هەمیش لەنێو شەهیدەکاندا پشکی شێریان بەرکەوتووە. ئەگەر خۆڕاگری و فیداکاریی ئەوان نەبایە، خەڵک لە شارەکاندا، بە پێی ئامانجی لەپێشدا دیاریکراوی ڕاسان و بەو ڕادەیەی شاهیدی بووین، تەیار نەدەبوون. بۆیە، لەم قۆناغە سەرەتاییەی ڕاساندا، هێزی پیشمەرگە لە شاخ و شار گەورەترین قوربانییان داوە. ئەگەر شار ئەرکی خۆی بەجێ بەگەیەنێ، لە داهاتوودا پێویست ناکا هێزی پێشمەرگە وەکوو ئێستا قوربانی بدا.

دووهەم، فرەچەشنبوونی شار لە چەند دەیەی ڕابردوودا پێویستی بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵناسیانە هەیە. کۆماری ئیسلامی بە ماددەی هۆشبەر، بە پەرەپێدانی کولتووری ماتێریالیستی و مەسرەفگەرایی، هەروەها بە بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر وێڕای پەیدابوونی دیاردەی دیکەی پەیوەندیدار بەوانەوە کە دەکەونە خانەی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، تا ڕادەیەک سەرکەوتووە لە ئالودەکردنی شارەکانی کوردستان. ئەمەش بێگۆمان ڕەنگدانەوەی لە هەڵوێست و کرداری تاکی کورددا هەیە. بەدامەزراوەییکردن و پەرەپێدانی جاشایەتی، هەروەها سەهەڵدانی نوخبەیەک کە سوود لە کۆماری ئیسلامی دەخۆن، ئەوانەی ئۆپۆرتۆنیستانە و لە پێناو بەرژەوەندیی شەخسیدا پرۆپاگەندە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەکەن بە مەبەستی شەرعییەتدان(ڕەواییدان) بە ڕێژیم، ئەمانە هەموویان بەشێکن لە کۆمەڵگای کوردەواری، هەرچەند کەمینەش بن، بەڵام دەتوانن لە نێوخۆی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە لە بەردەم پرۆسەی ڕاساندا لەمپەر بن.

سێهەم بەلەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە، ڕاسان دەبێ وەک پرۆسەیەک ببیندرێ کە دیدێکی دینامیک و فرەلایەنی بۆ کۆمەڵگایەک کە دینامیک و فرەلایەنە هەبێ.

لە کۆتاییدا، سەرەڕای شارمێحوەریی ڕاسان، نابێ نە شار ڕۆمانیزە بکرێ، نە گوندیش پشتگوێ بخرێ.

**پەراوێزەکان:**

Justus Uitermark, Walter Nicholls and Maarten Loopmans, »Cities and Social Movements: Theorizing beyond the Right to the City, » Environment and Planning .٢٥٤٦, p. ٢٠١٢, ١١, Issue ٤٤A, Vol.

بڕوانە:

Ibid.

بڕوانە:

Idris Ahmedi and Ali Abdelzadeh, »Iran» in Carsten Anckar & Thomas Denk (eds.) Komparativ politik: Tio politiska system [Comparative Politics: Ten Political nd٢Systems] (Lund: Studentlitteratur, ).٢٠١٨Edition,

بڕوانە:

Alireza Asgharzadeh, Iran and the Challenge of Diversity: Islamic Fundamentalism, Aryanist Racism, and Democratic Struggles (New York: Palgrave ).٢٠٠٧Macmillan,

بڕوانە:

Abbas Vali, Kurds and the State in Iran: The Making of Kurdish Identity (London: ).٢٠١١I.B. Tauris & Co. Ltd.,

بڕوانە:

Borhanedin A. Yassin, Vision or Reality? The Kurds in the Policy of the Great (Lund: Lund University١٩٤٧-١٩٤١Powers, .١٤٥-١٤٤), pp. ١٩٩٥Press,

عەبدولڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا، لا. ؟؟؟

بڕوانە:

McDowall, A Modern History of the Kurds ),١٩٩٦(London: I.B Tauris & Co. Ltd., ; Farideh Koohi-١٣-١٢especially chaps. Kamali, The Political Development of the Kurds in Iran: Pastoral Nationalism (New ).٢٠٠٣York: Palgrave,

بڕوانە:

»PDKI Commend the Kurdish Nation's Role in the Relief Effort Following the Earthquake », http://pdki.org/english/pdki-commend-the-kurdish-nations-role-in-the-relief-effort-following-the-earthquake/.



# ٤

# بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی خەباتی شار

عەباس ئەحمەدی

### پێشەکی


نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا بۆ بەدەستهێنانی ئازادی ڕێگا و میتۆدی جیاوازیان بەکارهێناوە. بۆ نموونە تیۆری مائۆ بریتی بوو لە بەڕێوەبردنی شەڕێکی درێژخایەن لە گوندەکان و دروستکردنی ناوچەی ئازادکراو، دواتر گەمارۆدانی شارەکان بەهۆی گوندەکانەوە کە لە ئەنجامدا شارەکان خۆیان بەدەستەوە بدەن و بەم شێوەیە شۆڕش سەربکەوێت. دواتر «ڕژی دبرە»، مارکسیستی فەرانسەوی و هاوڕێی چێگوارا باسی لەوە دەکرد کە تیۆرەکانی مارکس و ئینگلس و لنین کۆن بووە و بۆ دەسپێکردنی خەباتی چەکدارانە پێویست بە پشتیوانی توودەکان و بوونی بارودۆخی دەرەست و بەرهەست ناکات، بەڵکوو گرووپێکی بچووکی چریکی وەکو ماتۆڕێکی بچووکە کە ماتۆرە گەورەکە (خەڵك) وەگەڕ دەخات. «کارلۆس ماریگلا»ی برزیلی تیۆریسیەنی شەڕی چەکداری نێوشار بوو، هێزی سەرەکی بزوێنەری شۆڕش، واتە چینی کرێکار لە شارەکاندایە. لەلایەکی دیکەوە گاندی لە هیندوستان دەستی بۆ خەباتی چەکداری نەبرد و مێتۆدی خەباتی ناتوندوتیژی بەکارهێنا. لە کوردستانیش لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی د. قاسملوو چارەسەری پرسی کوردی لە وتووێژ و چارەسەری ئاشتییانە دەزانی و بەکارهێنانی چەکی بۆ ناچارکردنی دوژمنەکەی بۆ وتووێژ دەبینی. هەر یەك لەو میتۆدانە لە کات و شوێنی خۆیدا دەتوانن سەرکەوتوو بن یان لە شوێن و کاتێکی دیکە لەوانەیە سەرکەوتوو نەبن؛ بۆ نموونە، تیۆری مائۆ لە چین سەرکەوتوو بوو، بەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێهەم شکستی هێنا. تیۆری «ڕژە دبرە» لە کۆبا سەرکەوتوو بوو، بەڵام چێگوارە لە بولیڤی کوژرا. کوردستانی خۆرهەڵات لە ماوەی نزیك بە سێ دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ کۆمەڵێك گۆڕانکاری نوێ بەرەوڕوو بووە کە بەڕێوەبردنی میتۆدێکی نوێی خەباتی تایبەت بەخۆی کردووەتە پێویستییەك. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ ئەدەین تیشك بخەینە سەر ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا ڕوویانداوە و هۆکار بوون بۆ ئەوەی شار ببێتە چەقی خەبات.

### یەکەم: گۆڕانی دیمۆگرافی

کاتێك لە دەیەی شەستی زایینیدا، د. قاسملوو «کوردستان و کورد»ی نووسی، ئاماژە بەوە دەکات کە (٨٥٪) لە دانیشتوانی کوردستانی خۆرهەڵات لە گوندەکان نیشتەجێن (قاسملوو، ١٩٩٦، ل١١١)، بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بەدوا، گۆڕانکاری بەرچاو لە دیمۆگرافیای خۆرهەڵاتی کوردستان ڕوویدا، بەچەشنێك کە بە گوێرەی دوایین ئاماره فەرمییەکان (١٣٩٦)، (٦٩,٤٣٪)ی دانیشتوانی چوار پارێزگا سەرەکییە کوردنشینەکەی خۆرهەڵاتی کوردستان دانیشتوی شارەکانن و تەنها (٣٠,٥٧٪) لە گوندەکان نیشتەجێن. ئەم ڕێژەیە لە شارنشینی بە گوێرەی پارێزگاکان گۆڕانکاریی بە سەردا دێت، بەچەشنێك کە زۆرترین ڕێژەی شارنشینی لە پارێزگای کرماشانە (٧٥,٤٣٪) و کەمترین ڕێژەی شارنشینی لە پارێزگای ورمێیە کە ڕێژەکەی بریتییە لە (٦٥,٤٢٪). (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتە و وێنەی ١). خشتەی (١): ڕێژەی شارنشینی لە چوار پارێزگا سەرەکییەکەی خۆرهەڵات نیشان دەدات شوێنی نیشتەجێبوون

| شوێنی نیشتەجێبوون | ڕێژەی شارنشینی | ڕێژەی گوندنشین |
|---|---|---|
| سنە | ٧٠.٧٦ | ٢٩.٢٤ |
| ورمێ | ٦٥.٤٢ | ٣٤.٥٨ |
| کرماشان | ٧٥.٤٣ | ٢٤.٥٧ |
| ئیلام | ٦٨.١٨ | ٣١.٨٢ |
| کۆی گشتی | ٦٩.٤٣ | ٣٠.٥٧ |

وێنەی (١): ژمارەی دانیشتوانی شار و گوندی چوار پارێزگا سەرەکییە کوردنشینەکەی خۆرهەڵات نیشان دەدات




### دووەم: گۆڕانی کولتووری

هەرچەند کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا گۆڕانکاری دراماتیکی لە چەشنی ژیانی نێوشاری کورددا ڕووی داوە، لەوانە نەمانی هێندێ شێوەی جل و بەرگی کۆن و سەرەتایی و بڵاوبوونەوەی جلوبەرگی ئۆرووپایی»، (سندی، ٢٠٠٨، ل٤١)، بەڵام لەوە ناچێت ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لەسەر لایەنی مەعنەویی کولتوور کردبێت و زیاتر دەرئەنجامی کۆمەڵێ ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هەرزان تەواوبوونی کۆمەڵێ شتومەك بووە کە بۆ ژیانی ئەو سەردەمە پێویست بووە و بەرهەمهێنانی لەنێوخۆدا تێچوویەکی زۆری ویستووە، بەڵام بونیادی کۆمەڵایەتی هەر لە قۆناغی فیودالیدا بووە

و هێزە نەریتییەکان (مالکەکان، شێخ و مەلاکان، بازاڕییەکان و وەرزێڕەکان) ئەم بونیادە دروست دەکەن. د. قاسملوو لە سەرەتای دەیەی (٦٠)دا کە کتێبی »کوردستان و کورد«ی نووسی بەم شێوەیە باسی کوردستان دەکات کە «کوردستان نیشتمانێکی کشتوکاڵییە کە پەیوەندی بەهێزی فیۆداڵی بەسەریدا زاڵە و تا ئێستاش لە بەشێکی گەورەی گوندەکانی کوردستان پەیوەندییە عەشیرەتییەکان بە بەهێزی خۆیان پاراستووە. سەرەڕای ئەوەی کە لە نیوەی دووەمی شەڕی گەورەی جیهانی و بەتایبەت دوای شەڕی دووەمی جیهانی، سەرمایەداری و جۆری ئەو پەیوەندییانەی کە بەسەریدا زاڵن لە کوردستاندا گەشەیان کردووە و سەرهەڵدانی شارەکان و ناوەندە بازرگانی و پیشەسازییەکانی لەگەڵ خۆی هێناوە» (قاسملوو، ١٩٩٦، ل١٠٧).

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بەدوا بەهۆی پەرەسەندنی شارنشینی، هاتنەناوەوەی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن وەکو مۆبایل و ئەنتەرنێت کە شێوازی پەیوەندیکردنی تاکەکانیان لە ڕووبەڕوو گۆڕی بۆ ئۆنلاین و ئەمانەش کۆمەڵێ گۆڕانکارییان لە بەها و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەدا دروستکردووە، بۆ نموونە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو خێزانی درێژکراوە (Expended family) و خێڵ گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە یان بەرەو نەمان ڕۆیشتوون و دامەزراوەی نوێی وەکو زانکۆکان و ڕاگەیاندنە گشتییەکان هاتوونەتە ئاراوە، کە میران (٢٠١٦) بەم شێوەیە ئاماژە بەم گۆڕانکارییانە دەکات:

١) وردە وردە زێدەبوونی خێزانی بچووک.

٢) وردە وردە هەڵوەشانەوەی خێڵ و نەمانی پەیوەندیی خێڵایەتی.

٣) کەمبوونەوەی دەوری پەیوەندیی خزمایەتی و خوێن لە بەرامبەر بەرژەوەندیی ماددیدا.

٤) بڵاوبوونەوەی بەها دیموکراتییەکان (پلۆرالیزم، ڕێزگرتن لە بەرامبەر). (میران، ٢٠١٦، ل٦٧)

### سێیەم: پەروەردە

زەقترین بەشی گۆڕانکارییەکان لە ڕەهەندی پەروەردە و ئاستی خوێندەواریدا خۆی بەرجەستە دەکات، بەچەشنێك کە لە سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا (٨٠٪)ی دانیشتوانی کوردستان نەخوێندەواربوون، ئەم ڕێژەیە لە ناو ژناندا زۆر زیاتر بوو بە چەشنێك کە (٩٥٪) ژنانی شارنشین و تەواو ژنانی گوندنشین نەخوێندەوار بوون (قاسملوو، ١٩٩٦، ل ٣٨-٣٩)، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەم ڕێژەیە بەگوێرەی دواین ئامار دابەزیوە بۆ (١٣,٦٥٪) کە ئەم ڕێژەیە لە نێو شارەکان و بە تایبەت لە نێو توێژی گەنجان زۆر زۆر کەمترە. وەکو لە خشتەی (٢)دا نیشان دراوە، زۆرترین ڕێژەی نەخوێندەواری لە پارێزگای ورمێیە کە بریتییە لە (١٥,٩٦٪)و کەمترین ڕێژەش لە پارێزگای ئیلامە کە بڕەکەی (١١,٦٠٪)ە.

خشتەی (٢): ڕێژەی نەخوێندەواری نیشان دەدات

| پارێزگا | ژمارەی ئەو کەسانەی تەمەنیان لەسەرەوەی ٦ ساڵە | ژمارەی نەخوێندەواران | ڕێژەی دەرچوو بە نیسبەت دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| ورمێ | ١٩٠٨٢٠٣ | ٢٦٢٥٣٣ | ١٥.٩٦ |
| سنە | ٨٦٦٢١١ | ١٤٨٧٣٠ | ١٤.٦٥ |
| کرماشان | ١٣٣٢٢٩٣ | ١٦٤٨٤٥ | ١٢.٣٧ |
| ئیلام | ٣٥٥٩٧٤ | ٤١٢٨٧ | ١١.٦٠ |
| کۆی گشتی | ٤٤٦٢٦٨١ | ٦١٧٣٩٥ | ١٣.٦٥ |



بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لە خشتەی (٢) خراوەتەڕوو، ڕێژەی خوێندەواری لە ئەمڕۆی خۆرهەڵاتی کوردستاندا (٨٦,٣٥٪)ە. کە وەکوو خشتەی (٣) نیشان دەدات لەم (١٤,٠٤٪)ەی دانیشتوانی خۆرهەڵاتی کوردستان لە ئاستی «کاردانی» تاکو دکتۆران کە لە نێو چوار پارێزگا سەرەکییەکەی خۆرهەڵاتی کوردستاندا پارێزگای ئیلام زۆرترین ڕێژەی خوێندەواری لەم ئاستەدا هەیە کە بریتییە لە (٢٢,١٢٪). هەروەها ژمارەی خوێندکاران لە هەر چوار پارێزگا سەرەکییەکەی خۆرهەڵاتدا (٣٠٨٥٥١) کەسە (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی ٤).

خشتەی(٣): خوێندنی باڵا لە خۆرهەڵاتی کوردستان

| پارێزگا | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی دەرچوانی خوێندنی باڵا | ڕێژەی دەرچوو بە نیسبەت دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| ورمێ | ٣٢٦٥٢١٩ | ٤٠٦٦٥٩ | ١٢.٤٥ |
| سنە | ١٦٠٣٠١١ | ١٩٩٦٠٣ | ١٢.٤٥ |
| کرماشان | ١٩٥٢٤٣٤ | ٣٠٤٦٩٦ | ١٥.٦١ |
| ئیلام | ٥٨٠١٥٨ | ١٢٨٣٢٧ | ٢٢.١٢ |
| کۆی گشتی | ٧٤٠٠٨٢٢ | ١٠٣٩٢٨٥ | ١٤.٠٤ |

خشتەی (٤): ژمارەی خوێندکارانی پارێزگا سەرەکییە کوردییەکان

| پارێزگا | ژمارەی دەرچوانی خوێندنی باڵا |
|---|---|
| ورمێ | ١٢٣٧٠٧ |
| سنە | ٦٠٩٤٣ |
| کرماشان | ٨٨٩٠٣ |
| ئیلام | ٣٤٩٩٨ |
| کۆی گشتی | ٣٠٨٥٥١ |

**چوارەم: بەجیهانیبوون**

(مارشاڵ ماکلۆهان) لە تیۆروانە بەراییەکانی جیهانگیرییە کە پەیوەندیی دروستکرد لە نێوان ڕۆڵی ڕاگەیاندن و چەمکە تایبەتەکەی خۆی بۆ بەجیهانیبوون، واتە «گوندی جیهانی» (Rantanen, ٢٠٠٥, p.١). واتە لە ڕەهەندی ڕاگەیاندنەوە دەڕوانێتە جیهانگیریی و پێیوایە کۆمەڵگاکان لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی خێرایی زانیارییەکان بەرەوڕووی بونیادێکی نوێی بیروڕا و هەستکردن دەبنەوە (Mcluhan, ١٩٦٣, p.٢٠)، کە ئەو بە گوندی جیهانی ناوی دەبات. ئەم دیاردەیە ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە، هەرچەند کە بە بۆچوونی زۆرێك لە توێژەران بەجیهانیبوون پێش ئەوەی دیاردەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری بێت، دیاردەیەکی ئابوورییە و لەم ڕوانگەیەوە پێناسەی ئەم بابەتەیان کردووە، بەهاگواتی ڕاوێژکاری سەرۆکی بانکی جیهانی و مامۆستای زانکۆی کۆلۆمبیا لە کتێبی (بەرگری لە بەجیهانیبوون)دا دەڵێ: »بەجیهانیبوونی ئابووری بریتییە لە تێکەڵاوبوونی ئابوورییە نەتەوەییەکان لە ئابووری نێونەتەوەیی لە ڕێگای بازرگانی، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی دەرەکی (لەلایەن کۆمپانیا چەندنەتەوەییەکان)، وەگەڕکەوتنی سەرمایەی کورت خایەن، جێگۆڕکێی نێونەتەوەیی کرێکاران و بەگشتی مرۆڤەکان و هەناردەکردنی تەکنۆلۆژیا (بهاگواتی، ٢٠٠٥، ص٤). بەڵام (ئانتۆنی گیدنز) کۆمەڵناسی بەریتانی خوێندنەوەیەکی فرە ڕەهەندی بۆ بەجیهانیبوون هەیە و پێیوایە «هەرچەند کە هۆکارە ئابوورییەکان بەشێکی جیانەکراوەی جیهانگیرین، بەڵام هەڵەیە کە بەجیهانیبوون تەنیا بە بەرهەمی هۆکارە ئابوورییەکان بزانین. بەجیهانیبوون بەهۆی کۆبووونەوەی هۆکارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەکانەوە دروستبووە، لە سەروەی هەمووشیان پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و پەیوەندییەکان کە خێرایی و پانتایی پەیوەندییەکانی نێوان دانیشتوانی هەموو جیهانی زیاتر و بەهێزتر کردووە»، بۆیە پێناسەیەکی گشتگیر دەکات و دەڵێ «کۆمەڵناسان چەمکی بەجیهانیبوون بۆ ئاماژە بەو پرۆسانە بەکار دەبەن کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەستراوەیی دوولایەنە، لە ئاستی جیهانیدا خێراتر و بەهێزتر دەکەن» (گیدنز، ٢٠٠٧، ص٧٥_٧٧). (لە ڕوانگەی کاستلیس)ەوە بەجیهانیبوون و بەزانیاریبوون کە بەهۆی تۆڕەکانی سامان، تەکنۆلۆژی و دەسەڵاتەوە جێبەجێ دەبێت، جیهانی ئێمەی گۆڕیوە. ئەم دوو پرۆسەیە توانای بەرهەمهێنان، داهێنانی کولتووری و توانای پەیوەندییەکانی ئێمەی بەهێزکردووە. لە هەمان کاتدا مافی هەڵبژاردن لە کۆمەڵگاکانی ئێمە وەردەگرێتەوە. لەو سونگەیەوە کە دامەزراوەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر بنەمای کولتوور، مێژوو و جوگرافیا بیناکراون، خێرابوونەوەی کوتوپڕی کات و دەرهەستبوونی دەسەڵات لە تۆڕە میدیاییەکان، میکانیزمەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانەوەی سیاسی تێکدەشکێنێ(Castells, ٢٠٠٩, p.٧٢) و خەڵکی سەرانسەری جیهان، بەدەر لە ژمارەیەکی کەم لە دەستەبژێری جیهانشارەکان، لە نەبوونی کۆنترۆڵ لەسەر ژیان، ژینگە، پیشە،



بزوێنەری سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییە.
لە خۆرهەڵاتی کوردستانیش جیهانگیریی بە زەقی خۆی بەرجەستە کردووە کە گرینگترین ڕەهەندەکانی بریتین لە:

**١. تەکنۆلۆژیا و میدیای کۆمەڵایەتی: لە چەند ساڵی** ڕابردوودا ڕێژەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی خۆرهەڵاتی کوردستان دەستیان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو ئیمەیل، یوتیوب، فەیسبووک، تێلگرام، ئینستاگرام و ... هتد دەگات، ئەمەش وایکردووە کە لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی بەشێوەیەکی ئاسانتر پەیوەندی دروست بکەن، بەچەشنێك کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار بووە لە کاتی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکاندا هێڵەکانی ئینتەرنێت و تەلەفوون دابخات، چونکە ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لە ڕێکخستن و دیاریکردنی کات و شوێنی خۆپێشاندانەکاندا.

٢. بەشداریی لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکانی وەکو UNPO و بەشداریی لە شورای مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە نموونەی ئەو دەرفەتانەن کە بەجیهانیبوون ڕۆڵی هەبووە لە بەدیهێنانیان. چونکە لە سەردەمی جیهانگیریدا ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان (International non-governmental organizations- INGO) ئابووری، حکومەت و دەوڵەت و لە کۆتاییدا لەسەر چارەنووسی زەوی دڵخۆش نین. بەم پێیە بە پشتبەستن بە یاسای کۆنی گواستنەوەی کۆمەڵایەتی (Social transformation) بەرەنگاری گۆڕانکارییەکان دەبنەوە (Castells, ٢٠٠٩p. ٧٢) و دووبارە لەدەوری شوناسە بنچینەییەکانی وەکو ئایین، نیشتمان و نەتەوەگەرایی کۆدەبنەوە.(کاستلیس ٢٠١٣).

بەجیهانیبوون لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بەدوا کاریگەرییەکانی خۆی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان دانا، بە چەشنێك کە ئەگەر جێگیربوونی سیستەمی دوو جەمسەری لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی یەکەم قوربانییەکەی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) بوو لە خۆرهەڵاتی کوردستان، بەڵام گەشەکردنی بەجیهانیبوونی سیاسی، بە واتایی پیرۆز نەمانی سنوورەکان، یەکەم براوەی هەرێمی کوردستان بوو کە بۆ یەکەم جار بە دەرکردنی بڕیاری ()٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش، پیرۆز نەمانی سنوورەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا چەسپاند و دواتریش لە شوێنەکانی دیکەی وەکو یۆگۆسلاڤیا دووبارە کرایەوە و بوو بە پرنسیپێکی نێودەوڵەتی. یەکێکی دیکە لە دەرکەوتەکانی بەجیهانیبوون ئابووری، پەرەسەندن و گەشەکردنی شارنشینییە کە بەرهەمهێنەری ناکۆکییە و بە زۆری لە شارەکاندا دەردەکەوێ و بزوێنەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە (Uitermark & et. al, ٢٠١٢p. ٢٥٤٦). ئەگەر لە ساڵی (١٩٦٩) لویس وۆرس کۆمەڵناسی شارنشینی پێی وابوو کە شارەکان وەکو موزایکێکی جیهانی کۆمەڵایەتین کە تێیدا گۆڕانکاریی خێرا ڕوودەدات و کولتوورەکان و نۆرمەکان تێکەڵاو دەبن و لە ئەنجامدا بەهای نوێ سەرهەڵدەدات، ئەوە ئەمڕۆکە بەهۆی پەرەسەندنی ڕەوتی بەجیهانیبوون و بەنێونەتەوەیی بوون، ئەم گۆڕانکارییانە خێراتر ڕوودەدات و ڕوخسارێکی نوێتر بە شارەکان دەدات. ئەم گۆڕانکارییە ئابوورییانە کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و بەگشتی سیستەمی توێژبەندیی کۆمەڵایەتی و دەبێتە هۆی پەرەسەندن و زیادبوونی چینی ناوەند (شیخی، ٢٠٠٧، ص٢٨٧-٢٨٨). ئەم جووڵە کۆمەڵایەتییەش بە واتای دابڕانە لە پابەندبوونە کۆنە کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئابوورییەکان و پەسەندکردنی سەرچەشنە (Patterns) نوێیەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون و ڕەفتار (عالم، ٢٠٠٨، ص١١٠)، بەم پێیەش خواستی نوێ دێتە کایەوە بۆ بەشداریکردن و ئەمەش

ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە سیاسەتی جیهانیدا، ئەمەش وادەکات کە دەوڵەتەکان چیتر تاکە ئەکتەری سیاسەتی جیهانی نەبن، ئەمەش هەلی ئەوە بە کورد دەدات تاکو کاراتر لە سیاسەتی جیهانیدا ڕۆڵ بگێڕێت. بانگێشتی فەرمی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دیموکرات بۆ ئەمریکا (جۆزەردانی ١٣٩٧) و کۆبوونەوەی لەگەڵ دامەزراوە فەرمییەکانی ئەمریکا و ناوەندە فکرییەکانی وەکوو هادسۆن، نموونەی ئەو ڕۆڵەیە کە کوردی خۆرهەڵات وەکو ئەکتەرێك لە سیاسەتی جیهانیدا دەیگێڕێت.

## کاریگەریی گۆڕانکارییەکان

لە ئەنجامی ئەو ئەو سێ گۆڕانکارییەی کە ئاماژەمان پێکرد (گۆڕانی دیموگرافی، کولتووری و پەروەردەیی)، بونیادی کۆمەڵایەتیی (Social Structure) خۆرهەڵاتی کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. بونیادی کۆمەڵایەتی پێکدێت لەو پەیوەندییە ڕێکخراو و بەردەوامانەی کە لە نێو ئەندامانی گرووپ یان کۆمەڵگایەکدا باڵادەستە و ئەو هەستە دروست دەکات کە ژیان بە دامەزراوەیی و سەقامگیرە (Hughes & Kroehler, ٢٠٠٥, p.٥٧). بە واتایەکی دیکە بونیادی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا لە کۆمەڵێ پەیوەندی پێشبینیکراو (Schaefer. ٢٠٠٥, p.١٠٣).

لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی بونیادی کۆمەڵایەتیی خۆرهەڵاتی کوردستان لە نزیك بە سێ دەیەی ڕابردوودا لەڕووی «پێگەی کۆمەڵایەتی (Social Status)، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی (Social Roles)، گرووپەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنۆلۆژیا (Social Networks and Technology)و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان (Social Institutions)»ەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە کە لێرەدا تاوتوێی دەکەین.

١. پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی؛ کۆمەڵگای کوردستان تاکو نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمیش، زیاتر کۆمەڵگایەکی خێڵەکی بوو کە پێگەی کۆمەڵایەتی تاکەکان زیاتر بۆماوەیی (Ascribed statuses) بوون کە تاکەکان ڕۆڵیان لە بەدەستهێنانی نەبوو یان زۆر کەم بوو، بەڵکو جۆرێك لە جۆرەکان تاکەکانی وابەستەی خێڵ یان عەشیرەتێك دەکرد، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی تاکەکانیش وابەستەی ئەو پێگەیە بووە. بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی شارنشینی و دامەزراوە پەروەردەییەکان، تاکەکان پێگەی کۆمەڵایەتی بەدەستهاتوویان (Achieved statuses) وەرگرت. ئەمەش وادەکات تاك لە کۆت و بەندی لۆکاڵی ڕزگاربێ و بەهای نوێ وەربگرێت و بەدوای شوناسی گەورەتردا دەگەڕێت کە بە لەبەرچاو گرتنی بەستێنی کۆمەڵایەتیی خۆرهەڵاتی کوردستان و ڕۆڵی بەجیهانیبوون خۆی لە شوناسی نەتەوەیی و بەها جیهانییەکانی وەکو دیموکراسی و مافی مرۆڤدا دەبینێتەوە.

٢. بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕوویانداوە گرووپی کۆمەڵایەتی نوێ و دڵخوازانە دروستبوونە بۆ چالاکی جۆراوجۆری وەکو؛ ئەکادیمی، ڕۆژنامەوانی، وەرزشوانی، ژینگە پارێزی، مافی ژنان و ... هتد کە شوێنی کۆبوونەوەی تاکەکانە و دەبنە یەکەی بچووکی کۆمەڵایەتی کە خاوەنی نۆرم و بەهای نوێی جیهانی و لۆکاڵین وەکو شوناسی نەتەوەیی (کوردی)، مافی مرۆڤ، ئازادی و یەکسانین.

٣. تاکەکان ئەندامی چەندین گرووپی جیاوازن و لە ڕێگای ئەم گرووپانەوە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی لە ئاستی نەتەوەییدا دروست دەبێت کە لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکان هەڵویستی هاوشێوەیان دەبێت، هەر لەم پەیوەندییەشە کە «مانۆئێل کاستلێس» لە کتێبی « تۆڕەکانی تورەیی و هیوا؛ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ئەنتەرنێت دا» لە دەستنیشان کردنی تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ناسراو بە بەهاری عەرەبی و واستریت، تۆڕیبوون (Networked)، گواستنەوەی خێرا لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە و داگیرکردنی کەشی شار بە تایبەتمەندییە بزووتنەوە نوێیەکان ناو دەبات. هەر ئەم تایبەتمەندییەی شاریش وایکرد کە چەندین دەسەڵاتی لە مێژینەی ناوچەکە وەکو میسر و لیبی لە ماوەیەکی کەمدا هەرەس بێنن. بۆ نموونە لە میسر گرووپەکانی دژبەری «موبارەك» چەندین دەیە چالاکی جۆراوجۆریان کرد، بەڵام نەیانتوانی دەسەڵات بە چۆکدابێنن، بەڵام کەمتر لە یەك مانگ خەبات لە مەیدانی «تحریر» بوو بەهۆی ڕووخانی دەسەڵاتی موبارەك، ئەمەش ڕۆڵی شار لە بزووتنەوە نوێیەکاندا بە تۆخی بەرجەستە دەکات. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم تایبەتمەندییانە لە ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە خۆرهەڵاتی کوردستاندا ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە، بۆ نموونە لە خۆپێشاندانەکانی (١٣٨٤) لەسەر کوشتنی لاوێکی مەهابادی، مانگرتنەکانی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ، گیان لەدەستدانی ژینگە پارێزێکی مەریوانی (١٣٩٧) و ... هتد بەرجەستە بووە، بە چەشنێك لە ماوەیەکی کەمدا ئەم ڕووداوانە چەندین شار و ناوچەی جۆراوجۆریان تەنیوەتەوە و خۆپێشاندان، مانگرتن و کۆڕوکۆبوونەوەی جۆراوجۆریان بۆ کراوە.


سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

١. Bernardi, Fabrizio, Gonzalez, Juan & Requena, Miguel (٢٠٠٦), The sociology of social structure, ٢١st Century Sociology: A Reference Handbook, Newbury: Sage, pp. ١٦٢-١٧٠.

٢. Hughes, Micheal & Kroehler, Carolyn J. (٢٠٠٥), Sociology: the core, Mc Graw Hill.

٣. Rantanen, Terhi (٢٠٠٥), media and globalization, Sage.

٤. MCluhan, Marshall (١٩٦٤) Understanding Media. London and New York: (Available: http://robynbacken.com/text/nw_research.pdf).

٥. Castells, Manuel (٢٠٠٩) The Power of Identity. London: Wiley-Blackwell) ٢ed).

٦. Uitermark J & Nicholls W & Loopmans M (٢٠١٢) Cities and social movements: theorizing beyond the right to the city. Environment and Planning. Vo. ٤٤, PP. ٢٥٤٦-٢٥٥٤.

٧. Castells, Manuel (٢٠١٢) Networks of outrage and hope – social movements in the Internet age. Chichester, UK, Wiley.

سەرچاوە کوردییەکان

١. سندی، بەدرخان (٢٠٠٨) کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا. (چاپی یەکەم)، وەرگێڕان ئیسمائیل ئیبراهیم سەعید، دهۆك: دەزگای موردیانی.

٢. میران، ڕەشاد (٢٠١٦) چەند بابەتێکی ئیتنۆکۆمەڵایەتی. (چاپی یەکەم)، بەرگی ١-٢، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

سەرچاوە فارسیەکان

٣. قاسملوو، عبدالرحمان (١٩٩٦)، کردستان و کرد، چاپ اول، سوئید.

٤. بهاگاواتی، جاگدیش (٢٠٠٥)، در دفاع از جهانی شدن، ترجمه مسعود کرباسیان، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.

٥.گیدنز، آنتونی (٢٠٠٧)، جامعه شناسی، ترجمه حسین چاوشیان، ویراست چهارم، تهران، نشر نی.

٦.شیخی، محمد تقی (٢٠٠٧) جامعەشناسی شهری. (چاپ چهارم)، تهران: شرکت سهامی انتشار.

٧. عالم، عبدالرحمن (٢٠٠٨) بنیادهای علم سیاست. (چاپ هجدهم)، تهران: چاپ عزال.

٨. مرکز آمار ایران (https://www.amar.org.ir/). آمار ساڵ ١٣٩٦.



# ٥

# خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ شار و هۆکاری هێنانە ئارای خەباتی شاخ و شار

ئیسماعیل زوورمەند



نزیک بە سێ ساڵ بە سەر خەباتی شار و شاخ و گرینگیدان بە خەباتی شار تێپەر دەبێ و ئەو باسە دەنگدانەوەیەکی بەرینی ناوخۆیی و دەرەکی لێکەوتۆتەوە و لەم بارەوە لێدوان و نووسراوی زۆر بڵاوبۆتەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک خولقهێنەری ئەو شێوازە لە خەبات، هێستاکەش لە سەر درێژەدان بە ئەم خەباتە سوورە و گرێدانی خەباتی شاخ و شار، بە ڕزگاریدەری (مونجی) کوردستانی ئیران لە ژێر داگیرکاری ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەزانێ. هەر بەو پێیە پرسیارگەلێکی زۆر دێتە ئاراوە کە گرینگترینیان بریتین لە: - گرینگی شار و شارنشینی لە کوێ دایە و مێژووی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ - بۆ دەبێ خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ شارەکانی ئێران و کوردستان بکردرێ؟ یا بە واتایەکی دیکە شارەکانی ئێران و کوردستانی خۆرهەڵات بە نیسبەت سێ دەیە لەوەپێش چ گۆڕانکارێکی بە سەر دا هاتووە کە دەبێ خوێندنەوە نوێی بۆ بکردرێ؟ - گۆڕانکارییەکانی کە بە سەر شار دا هاتوون چن و لە چ بوارێکدایە؟ - شار بۆ دەبێ خەبات بکا و دەبێ ببێتە ناوەندی خەبات بە دژی دەسەڵات کۆماری ئیسلامیی ئێران؟ بە سرنجدان بە ئەوەی کە کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان خاوەن دەسەڵات نەبووە (جیا لەو ماوە کۆرتەی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی)، لە زۆرینە بوارەکاندا و یەک لەوان، باسی شار و شارنشینی لە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی ناوەند دا بووین، هەر بۆیە کاتێک باس لە شارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان دەکەین ناکرێ ئاوڕیک لە پرۆسە و باردۆخی شار و شارنشینی لە ئێران نەدەینەوە.

شار و گرینگیدان بە باسی شار و شارنشینی مێژوویەکی دورر و درێژی هەیە. شار بەردەوام مەشغەلەی فیکری مرۆڤ بووە و باس لە سەر شار لە نووسراو و بەرهەمەکانی ئەرەستوو، ئەفلاتوون و ئاگوستین و هەروەها لە سەدەی ١٥ زایینی لە بیرۆکەی ماکیاولی و لە سەدەی ١٧ لە نووسراوەکانی «بودێن» و لە سەدەی هەژدەی زایینی لە نووسراوەکانی ژان ژاک ڕۆسۆ دا بووە، بەڵام ناسنامەی کۆمەڵگا و شار، دوایی شۆرشی پیشەیی (انقلاب صنعتی) ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بە خۆیەوە دەبینێ و دوایی ئەو ئاڵوگۆڕە بنەرەتیانە، شار ناوەندی سرنجی خاوەن ئیدەکانی کۆمەڵناسی، جوغرافیا، ئابووری، پلاندارێژی و ... بۆ لای خۆی رادەکێشێ.

شار و شارنشینی لە ٧ هەزار ساڵ پێش زایینەوە بوونی هەبووە، بەڵام مانا و گەشەی تازەی شار دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدە لەوە پێش. ژومارەی شارەکانی زۆرتر لە ١٠٠ هەزار کەس، کە مرۆڤ لە کاتی بوونی شارنشینی تاکوو سەدەی ٥ دوای زایین درووستی کردووە ٦٧ شار بووە، ئەو ژومارەیە دوای چوار سەدە یانی لە (سەدەی ٥ دوای زایین تاکوو ١٠ دوای زایین) کراوەتە ٧١ شار و تاکوو سەدەی ١٥ زایینی کراوەتە ٧٥ شار. یانی لە نێوان ٢٠ سەدە ( ٥ پێش زایین تاکوو ١٥ دوایی زایین) ٨ شار بە شارەکانی زۆرتر لە ١٠٠ هەزار کەس لە جیهاندا زیاد بووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە مەودای ٤٠٠ ساڵ (سەدەی ٦١تاکوو ٢٠ زایینی) ژومارەی شارەکان زۆرتر لە سەد هەزار کەس، لە ٧٥ بۆ ١٤٤ شار بەرزبووتەوە کە دەرخەری ئەوەیە شۆرشێک لە پێوەندی لەگەڵ گەشەی شار و شارنشینی هاتۆتە دی. تا ساڵی ١٩٠٠ زایینی، لە هەر ٨ کەس ١ کەس لە شار ژیانی بەسەر بردووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠، نیوەی زۆرتری حەشیمەتی سەر گۆی زەوی لە شار نیشتەجێ بوون.

لە ئێران لێکۆڵینەوەکان دەرخەری ئەوەن کە لە مەودایەکی ٨٠ ساڵەدا، ڕێژەی شارنشینی دوو قات بەرز بووتەوە. یانی لە ٢٨٪ لە ساڵی ١٣٠٠ هەتاوی بە ٦٥ ٪ لە ساڵی ١٣٨٠ بەرز بووتەوە و بە پێی ئاماری فەرمییەکان لە ساڵی ١٣٩٠ هەتاوی ڕێژەی شارنشینی گەیشتووەتە ٧٤٪. ڕێژەی شارەکانی ئێران لە ١٩٩شار لە ساڵی ١٣٣٥ بە ١١٣٩ شار لە ساڵی ١٣٩٠بەرز بووتەوە و دەبینین پێکهاتەی حەشیمەتی وڵات، لە دۆخێکی گوندنشینی بەرە زۆرینەی شارنشینی تێپەر دەبێت. شیمانە




دەکرێ حەشیمەتی شاری لە ئێران تا ساڵی ١٤٣٠ هەتاوی سەرەوی ٨٥٪ بێت و ڕێژەی شارەکانیش بگاتە ١٢٠٠ شار. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە لە ئاستی جیهانیدا لە ساڵی ٢٠٠٨ بۆ هەوڵین جار نیوەی زۆرتری حەشیمەت (٣ میلیارد و ٣٠٠ میلیون نەفەر) لە شارەکان نیشتەجێ بوون، هەر بەو پێیە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان، ساڵی ٢٠٠٨ بە ساڵی شارنشینی ناودێر دەکا. لە ئیراندا لە ساڵی ١٣٥٩ هەتاوی ٥٠٪ خەڵکی ئێران نیشتەجێی شارەکان دەبن و لەو ساڵەوە تاکوو ئێستا ڕۆژ بە ڕۆژ بە حەشیمەتی شاری ئیزافە دەبێ و وەک دەبینین لە ساڵی ١٣٩٠ هەتاوی ڕێژەی شارنشینی بە ٧٤٪ گەیشتووە. ئەو دۆخە لە ساڵی ١٩٥٠ زایینی هەموو وڵاتەکانی جیهانی سێهەم دەگرێتەوە. نیزامی شارنشینی و ڕەوەندی خێرای شارنشینی لە وڵاتەکانی لە حاڵی گەشەسەندن (جیهانی سێهەم) و یەک لەوان ئێران دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵک بە شێوەیەکی بەربەرین و خێرا ڕوو لە شارەکان بکەن و کۆمەڵیک کێشە وەک سەرهەڵدانی بەشی خەدەماتی موتەوەرم، پەرەسەندن و زۆربوونی حاشیەنشینی، بێکاری شاراوە و ... بەدی هێنا. لە وڵاتەکانی لە حاڵی پەرەسەندندا (در حال توسعه) دا بە پێچەوانەی وڵاتە پەرەسەندووکاندا (توسعەیافته) ڕەوتی کۆچی حەشیمەت بۆ شاری بە شێوەیەکی خێرا ڕووی داوە. لە ئیراندا، هاتنی دەسکەوتەکانی تێکنۆلۆژی تازە و پێشکەوتوو بوو بە هۆکاری هاتنە خوارەوەی ڕێژەی قڕتێکەوتن(مرگ و میر) و هەروەها بە هۆی نەبوونی هاوکاتی پەرەسەندن و پێشکەوتنی پێوەرکانی کۆمەڵایەتی و کوولتووری وەک خوێندەواری سەرجەم کۆمەڵگا بە تایبەت خوێندەواری ژنان و حەشیمەتی زۆر و جێگای سرنجی نیشتەجێی گوندەکان، ڕێژەی زاوزێ وەک دەورەی پێش شۆڕشی پیشەسازی بووە و ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە ڕێژەی زاوزێ لە ڕێژەی قڕتێکەوتن پێش بکەوێ و لە ئاکام دا ڕێژەی حەشیمەت ڕوو لە زیاد بوون بکات. هاوکات لە گەڵ ئەو گۆڕانکاریانە، ڕووداوێکی گرینگی دیکە کە لە ناوچەی گوندنشینەکان هاتە ئاراوە، ئەویش ئەوە بوو کە لە ئاکامی جێبەجێکردنی ئیسلاحاتی ئەرزی و کەڵک وەرگرتنی بەشی وەرزێڕی لە تێکنۆلۆژیای سەردەم – تراختۆن و کۆمباین- هێزێکی زۆری مرۆڤی لە گوندەکان بەرچاو دەکەوت کە ئەو هێز و حەشیمەتە بەرچاو و زۆرە بە دوای هەلی باشتر بۆ کارکردن و ژیانێکی خۆشتر ڕوویان لە شارەکان کرد، چوونکە شارەکان ئامادەگی وەرگرتنی ئەو میوانە کوتوپڕ و لە ناخافڵەیان نەبوو (لە بەر ئەوە کە نرخی بەرزبوونەوەی حەشیمەت لە شارەکان ڕوو لە سەرێ بوو و شارەکان حەتا بۆ وڵامدانەوە بە بەرزبوونەوەی ئاسایی حەشیمەتی شاری تووشی کێشە و قەیران بوون) هەر بەو پێیە شارەکان لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندن دا لە بواری کۆمەڵایەتییەوە توشی پشێوی و کەس بە کەس بوو و کاری کازب و نافەرمی (دەستفرۆشی و...)، کۆمەڵگایەکی ناسازگار و نەگونجا دەگەڵ داب و نەریت، درز و کەلێنی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنا. ئەزموونی جیهانی پێداگری لە سەر بوونی پێوەندێکی ئەرێنی لە نێوان شار و پەرەسەندن دا دەکا. لە لایەکی دیکەوە شارنشینی لە وڵاتانی لە حالی پەرەسەندندا و یەک لەوان ئێران لە تیۆری زاڵبوونی تاکە شار پێرەوی دەکا بە واتایەکی دیکە

کەرەم و بەخششی پەرەسەندن لە نێوان ناوچە جیاجیاکان بە شێوەیەکی نابەرانبەر بڵاوبووتەوە. هەر بەو هۆیە یەکێک لە گرینگترین کێشە بنەڕەتییەکانی وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا، نەبوونی بەرابەری و ئەوەی کە گشت ئیمکانات و سەرمایە لە یەک یا چەند شوێن جیاواز کۆ کەیەوە. لەو وڵاتانە زۆربەی ئیمکاناتی پەروەردە، کوولتوری، ئابووری لە ناوەندی وڵات یا یەک یا چەند شاری دیکە کۆبووەتەوە. کارخانەکانی دایک وەک زۆب ئاهەن، پترۆشیمی، زانکۆ بە ناوبانگەکان، بازارە گەورەکان، نەخۆشخانە پۆشتەوپەرداخەکان، سینەما پێشکەوتووکان، کتێبخانە گرینگ و پێشکەوتوەکان و... لە چەند شوێن کۆبوونەتەوە و شوێنەکانی دیکەی وڵات بێبەش لەو ئیمکاناتانەن و یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی کۆچ بۆ ناوەندی ئەو وڵاتانە لە بەر ئەوەیە کە ئیمکاناتەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بەرامبەر بڵاونەبووتەوە، بە شێوازێک دیکە نەبوونی ئامادەکاری، سەنتێز یا بەرهەمهێنان ( ئامایش) و ناوەندگرایی، هۆکاری سەرەکی کۆچی حەشیمەت بۆ ناوەند و سەرهەڵدانی لە ناوکاوی شار و چوونەسەری حەشیمەت لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندن و یەک لەوان ئێران دابووە. بە پێی ئەو لێکدانەوەیەی سەرێ و بە ئاماژە کردن بە ئەوەی کە شارەکانی ئیران ئامادەگی وەرگرتنی ئەو میوانە کوتوپڕ و لە ناخافڵەیان نەبوو خەڵکی شار لە گەڵ کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ و گرفتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری بەرەوڕوو بوونە. لە بورای سیاسیەوە دەبی ئاماژە بەوە بکەین خەڵکی ئەوڕۆی شارەکانی ئێران و کوردستانی ئیران بە دوو هۆکار ئاستی زانیاری و تێگەیشتنی سیاسیان چۆتە سەرێ: یەکەم چوونە سەری ئاستی زانست و خوێندن ، دووهەم کاریگەری عەسری ڕاگەیاندن و زانیاری. ئەمڕۆکە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ئیران ئەگەر دوو یا سێ زانکۆی (باسی چۆنایەتی و چەندایەتی زانکۆکان باسێکی جیاوازە) لێنەبێ، حەتمەن زانکۆیەکی لێ دەبیندرێ و خەڵک ئەگەر توانای چوون بە زانکۆ بە هەر هۆکارێک بۆ شارەکانی دیکە نەبێ دەتوانێ لە شارەکەی خۆی قۆناغی خوێندن تێپەڕ بکا. دووهەم ڕاگەیاندن و زانیاری کاریگەری زۆری لە سەر چوونە سەری ئاستی زانیاری و شعووری سیاسی خەڵک بوو و ئەوڕۆکە لە کەم ماڵی ئێران و کوردستان دەبینین کە خەڵک دەستی بە ماهوارە و ئینترنت و موبایل و سەرجەم کەرەستەکانی دیکەی ڕاگەیاندن نەبێت کە ئەگەر ئێمە ئەوە لەگەڵ سی ساڵ لەوە پێش بەراوەرد بکەین ئەو سەردەم بەشی زۆری خەڵک گوندنشین بوون و ئاستی خوێندەواری بەو شێوەیەی ئێستا نەبوو و لە بواری ڕاگەیاندن ئەو سەردەم گوندەکان هیچ (زۆربەیان کارەباشیان نەبوو) بەڵکوو لە شارەکان کەم ماڵ هەبوو تلوێزیون و تەلێفونیشی بێت. ئەوڕۆکە لە ژێر سێبەری بەجیهانیبوون و عەسری ڕاگەیاندن و زانیاری هێندێک ڕۆژی تایبەت وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی، ڕۆژی ژن، ڕۆژی بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی بەرامبەر بە ژن، ڕۆژی جیهانیی مامۆستا، ڕۆژی کرێکار و...گرینگی تایبەتیان هەیە و ئەوڕۆکە لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان ڕێزی لێدەگیرێ کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر کۆمەڵگا و شار هەیە و لە ژێر کاریگەر خۆی دادەنێ، بابەتێک کە ٣٠ ساڵ لەوەپیش شتێکی نامۆ بوو. لە بواری کۆمەڵایەتی دا، شارەکانی ئەوڕۆی ئێران و کوردستان بە دەست کۆمەڵێک کێشە و دیاردەی کۆمەڵایەتی وەک هەژاری، بێکاری، ئیعتیاد، حاشیەنشینی، خۆکوژی، کۆچی نێوخۆیی و دەرەوە و دەیان قەیران و دیاردەی دزێوی دیکە بەرەوڕوون. بە پێی خۆدی سەرچاوەکانی فەرمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە ٢٠ میلیون حاشیەنشین لە ئێراندا بوونی هەیە بە واتایەکی دیکە لە هەر چوار کەس لە ئیراندا ئەوڕۆکە یەک کەس حاشیەنشینە. نرخی بێکاری لە شوێنێکەوە بۆ شوێن و ناوچەیەکی دیکە لە ئیران جیاوازە، نرخی بیکاری لە شارەکانی سەرسنوور بە نیسبەت ناوەند زیاترە. بە پێی ناوەندی ئاماری ئێران ڕێژەی بێکاری لە ساڵی١٣٩٦ ، ١٢٪ بووە و ڕێژەی بێکاری لە نێو کەسانی باسەواد و گەنج زۆر زیاتر لە چینەکانی دیکەیە. لە بواری ئیعتیاد دەبینین کە ڕۆژبەڕۆژ ڕێژەی کەسانی تووش بوو بە مادە هۆشبەرەکان ڕوو لە زیادبوونە بە پێی ئاماری بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئەوڕۆکە زیاتر لە ٨ مێلیون موعتاد لە ئێراندا بوونی هەیە. لە بواری ئابوورییەوە کۆماری ئیسلامی بە هۆی نەبوونی ئابووریی پێناسەنەکراو و ئابوورییەکی تەکبەرهەمی و بەستراوە بە نەوت و ڕانت و ڕانتبازی هیچ کاتێک لە ماوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە خاوەن ئابوورییەکی پێشکەوتوو نەبووە و هیچکات هەڵاوەسانی ئابووری بۆ کونترۆل نەکراوە و بەردەوام هەڵکشان و داکشانی بە خۆیەوە بینیوە و بە گشتی هەژاری ڕۆژ بە ڕۆژ لە حاڵی زیادبوون بووە. بە پێی ئامار و زانیارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٩٧ هەتاوی ٣٣٪ حەشیمەتی ئێران، ٢٧ میلیون کەس تووشی هەژاری تەواو (موتلەق) و ٦٪ خەڵک، واتە ٥ میلیون کەس لە ژێر «هێڵی برسییەتی» دان. کۆماری ئیسلامی هەمیشە بە دیدێکی ئەمنییەتی چاوی لە پارێزگا و شارەکانی کوردستانی ئێران کردووە و ئەو ڕوانینە ئەمنییەتی بووەتە هۆی ئەوە نەک کەمتر لە بیری گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو ناوچانە دا بێت، بەڵکوو هەردەم لە پەراوێز خراوە و لە بیری لە ناوچوونی ژینگە و سروشت و ژێنوسایدی خەڵکی کورد بووە. پارێزگان و شارەکانی کوردستانی ئێران هەمیشە ڕێژەی بێکاریان نیسبەت بە پارێزگاکانی دیکە زۆرتر بووە، بە دەیان بەڵگە لە سەر ژێنۆسایدی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران لە بواری جۆراوجۆر، وەک بە ئاشکارا بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان، دزینی ئاسەواری مێژوویی، کۆچی زۆرەملێ و بە شێوەی سیستماتیک، ژێنۆسایدی زمانی و کولتووری و چەندین بابەتی دیکە هەیە بەڵام بە خۆشییەوە خەڵکی کورد لە کوردستانی ئیران سەرەڕای ئەو هەمۆ گوشار و ستەم و جیاوازی و هەڵاواردنانە نە تەنیا بە چۆکدانە هاتووە، بەڵکوو لە ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەڵات کردووە و دەنگی حەقخوازانەی بە دەرەوە گەیاندووە و شعووری سیاسی و هەستی نەتەوەیی لە سەرێیە. ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ئاماژەمان پێکرد بە بەراورد لەگەڵ سێ دەیە لەوە پێش هەم لە بواری چەندایەتی (کمی) و هەم لە بواری چۆنایەتی (کیفی) بێوێنەن و هەر بەو پێیە دەبێ خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ شارەکان بکردرێ و خەڵک

> **“ بە پێی ناوەندی ئاماری ئێران ڕێژەی بێکاری لە ساڵی١٣٩٦ ، ١٢٪ بووە و ڕێژەی بێکاری لە نێو کەسانی باسەواد و گەنج زۆر زیاتر لە چینەکانی دیکەیە ”**



و شار بە نیسبەت سێ دەیە لەوەپێش هەم لە بواری نەرێنی و هەم لە بواری ئەرێنی ئاڵوگۆڕی بە سەر دا هاتووە و لە وەها بارودۆخێک دایە کە ڕاسان یا گرێدانی خەباتی شاخ و شار دێتە ئاراوە. فەلسەفەی هاتنە ئارای گرێدانی خەباتی شاخ و شاریش وەدیهاتنی ئامانجێکن کە شار لێی بێبەش کراوە و شاخیش لە بەر وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە دەست داوەتە چەک و پتر لە ٧٠ ساڵە خەباتی بۆ دەکا. ئاوڕدانەوەیەکی کورت بە سەر بەرنامە و پێرەوی نێوخۆیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران وەک ئاڵاهەڵگری گرێدانی خەباتی شاخ و شار، بۆمان ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو ڕێکخراوە دێمۆکراتیک و مۆدێرنە لە سەر ئەساسی گرینگی و ڕێزدانان بە کرامەتی مرۆڤ، یەکسانی ژن و پیاو، مافی مرۆڤ، ئازادی و دێموکراسی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، یەکسانی کۆمەڵایەتی و دژایەتی لەگەڵ هەر جۆرە هەڵاواردنێک دامەزراوە و هەوڵ بۆ وەدیهاتنی ئەو چەمکانە لە وڵاتێک (کوردستانی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی) دەدا کە نە تەنیا بوونی نییە بەڵکوو سیستم و پێکهاتەی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بە تەواوی لە دژی ئەو چەمکانە ڕاوەستاوە. ڕێژیمێک کە بەردەوام مافی مرۆڤی پێشێل کردووە، ڕێز بۆ هیچ ئەدیان و باوەڕێکی غەیری ئەوەی کە خۆی باوەڕی پێیەتی دانانێ و دژی ئازادی و دیمۆکراسییە. کورد لە کوردستانی ئێران لە ژێر سێبەر ئەم ڕێژیمە دا کات تێپەر دەکا بەڵام بەشی هەر زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران باوەڕیان بە بەرنامە و پێرەوی ئەو ڕێکخراوە مودێرن و دێمۆکراتە هەیە و لە ڕابردوودا بە کردەویی ئەوەیان سەلماندووە. هەر بەو پێیە و بە خوێندنەوەیەکی قووڵ و واقعبینانە کە بۆ خەباتی شار کراوە سەرجەم چین و توێژەکان کۆمەڵگای کوردستانی ئێران بە ژن و پیاو، قوتابی و خوێندکار، کرێکاران، مامۆستایانی ئایینی و قوتابخانە، لاوان ئەرکدار دەکا بۆ وەدیهاتنی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و پیشکەوتوو و بە هەر شێوازێک بۆیان دەکرێ لە خەباتی شاردا بەشدار بن و شاخ پشتیوانیان لێدەکا.

**سەرچاوەکان:**

- توسعه شهرنشینی و پیامدهای آن (با تکیه بر مورد ایران)، دکتر نصرالله پورافکاری، دکتر صمد کلانتری، اسدالله نقدی
- دولت و شهرنشینی در ایران (مبانی و اصول کلی نظریه توسعه شهر و شهرنشینی در ایران)و دکتر محمد تقی رهنمایی، ١٣٨٨
- روند شهرنشینی در ایران، الهام فتحی،



# شار و خەباتی شوێندانەر

لوقمان ئەحمەدی

٦



**پێشەکی**

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خۆرهەڵاتی کوردستان تەنها لەسەر بنەمای ئازادکردنی خاک و خەڵک کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو بزوتنەوەیەکە کە لە چوارچێوەی چەندین بەهای فکری و ئینسانی تێکۆشان دەکا بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و یاسایی لە کۆمەڵگا و لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا. تایبەتمەندی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خۆرهەڵاتی کوردستان بریتییە لە پابەندبوون و تێکۆشان بۆ ئەم بەهایانە. هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بە شێوەی جیاواز یەکدەنگن لەسەر تێکۆشان بۆ بەهاگەلێک وەکوو یەکسانی، ئازادی بیروڕا، دادپەروەری، دێموکراسی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، مافی مرۆڤ، پاراستنی کەرامەت و شەخسیەتی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا و دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو کەس لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. تێگەیشتن لەو بەهاگەلە و تێکۆشان لە پێناویاندا، گرینگیەکی تایبەتی هەیە بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەکە و بۆ داهاتووی ئەو کۆمەڵگایەی کە گەلی کورد ئارەزووی دەکا. ئەم تایبەتمەندیەی بزووتنەوەکەمان یەکیەتیەکی نەتەوەیی فرەڕەنگ و فرەچەشن دەخوازێ، کە بە شێوەیەکی یەکدەنگ و یەککردراری خەبات بکا بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد. بیرۆکەی ڕاسانی خۆرهەڵاتی کوردستان لەسەر ئەم بنەمایە هاتە دی. ڕاسان هەم کەمپەین و پرۆژەیەکی سیاسییە، هەمیش هەوڵێکە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە نێو کۆمەڵگا و لە دەروون تاکەکان بۆ ئەوە خەباتەکەمان بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بتوانێ شوێندانەر بێ و هەنگاو بە هەنگاو بتوانین بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەکەمان بڕۆین. لەو پێناوەدا، پێویستە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە شێوەی فکرکردنەوە، ڕوانگە و کردارماندا پێک بهێنین. ئاڵوگۆڕ لەم چەشنە دەتوانن کارتێکەری ئەرێنی لەسەر بزوتنەوەکەمان دابنێ، بە مەرجێك چەند ڕاستیەک قەبووڵ بکەین: ١) گەلی کورد لە چوارچێوەی سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا هەرگیز ناگا بە ئامانجەکانی، بۆیە پێویستە بە یەکجاری کۆتایی بە بیرۆکەی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم سیستمە بهێنین؛ ٢) شار دەبێ ڕۆڵێکی یەکلایکەرەوەی هەبێ لە گۆڕینی پارسەنگی هێز لە نێوان کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا؛ ٣) پێویستە بزووتنەوەکە خۆی ئامادە بکا بۆ دژوارترین ئەگەرەکان، هەم پێش و هەمیش دوای ڕوخانی کۆماری ئیسلامی. دواجار، بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە و وەڵامدانەوەی بەو پێداویستیانەی خەبات لە قۆناغی ڕاساندا، پێویستە خەبات و کرداری دانیشتوانی شارەکانی کوردستان پتەوتر بکردرێ، ئەویش لە ڕێگای کەڵکوەرگرتن لە شێواز و مێتودی خەباتی جۆراوجۆرەوە.

**سروشتی کۆماری ئیسلامی**

وەک باس کرا، بیرۆکەی خۆگونجاندن لەگەڵ



سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا، ناکۆکە لەگەڵ ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە خۆرهەڵات. ئەم بیرۆکەیە بە درێژای ٣٩ ساڵ هەم سەرلێشێواوی درووست کردووە لە ناو بزووتنەوەکە و هەمیش دەرفەتێکی بۆ ڕێژیم درووست کردووە کە بتوانێ کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی فکری و کرداری لەسەر لایەنی جیاوازی نێو بزووتنەوەکە دابنێ. کاتێک دەڵێین ڕاسان ئامانجی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخە، ئەو بەو مانایەیە کە وێڕای تێکۆشانی پێشمەرگە وەک هێزبەخش (empowering) و ورەبەخش بە جەماوەر، دەبێ خەبات یان بەرخودانی مەدەنی بە شیوەی جۆراوجۆر و بەردەوام لە کوردستاندا جێ بکەوێ. لە ڕاساندا، خەباتی مەدەنی لە دەرەوە و دژ بە سیستەم دەکرێ، نەک لە نێوەوەی سیستەم. ئەمەش جیاوازی بنەڕەتی خەباتی مەدەنی لە چوارچێوەی ڕاسان و بەناو خەباتی مەدەنی ئەوانەیە کە دەیانەوێ لە ڕێگای دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گۆڕان پێک بێنن. سیستەمی سیاسی زاڵ لە ئێران لە سروشتی خۆیدا دژ بە نەتەوەی کوردە، بۆیە کورد ناتوانێ لە سیستەمێکدا خۆی ببینێتەوە کە نکۆڵی لە ناسنامە و مافە نەتەوایەتییەکانی دەکا. تەنانەت بۆ گەلی فارسیش دەرکەوتووە کە ئەو سیستمە ڕێفۆرم هەڵناگرێ. شکستی دوو دەوری سەرکۆماری خاتەمی و دواتر سەرهەڵدان و شکستی بزووتنەوەی سەوز، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. بۆیە لە نێو فارسەکاندا، باس لە دەربازبوون لە دوانەی «کۆنەپارێز» و «ڕیفۆرمیست» دەکرێ. تاکوو ئەو کاتەی کۆماری ئیسلامی وجوودی هەبێ، ئامانجی ڕاسان ئەوەیە کە لە ڕێگای بەرخودانی مەدەنی بەربەرەکانێی بەرینی جەماوەری لە کوردستاندا بهێنێتە کایەوە. لەو پێناوەدا، بایکۆتکردنی بەناو هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی وێڕای لەقاودانی کارتۆنیبوونی دامەزراوەگەلێکی دیکەی ڕێژیم وەک مەجلیس و پۆستی سەرکۆماری، بایخی ستراتژیکیان دەبێ. ئەگەر بڕوانینە مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم ڕێژیمە لە کات و ساتی جیاواز دا توانیویەتی کەڵکێکی ئێجگار زۆر وەربگرێ لە لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە کە دەڵێ دەبێ لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا کاری سیاسی بکرێ. بۆ نموونە ڕێژیم، لە نێوخۆ و دەرەوە، پرسی ڕێفۆرم وەکوو فەنێکی سیاسی بەکاردەهێنێ بۆ ئەوە سەرلێشێواوی درووست بکا و خەڵک و نەیارانی خۆی پەلکێش بکاتە نێو بازنەیەکی سیاسی کە خۆی کونترۆلی تەواوی بەسەردا هەیە. بە تایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم و لە کاتی فشاری نێوخۆی و دەرەکیدا، کۆماری ئیسلامی هەوڵی زۆر دەدا بۆ پەلکێشکردنی نەیاران یان ئەوانەی بەڕواڵەت خۆیان بە ئوپۆزیزیسۆن دەزانن بۆ نێو بازنەی سیاسی و گوتاری لەپێشدا دیاریکراو و کۆنترۆڵکراو لەلایەن خۆیەوەوە. کۆماری ئیسلامی بە گشتی هەوڵی داوا لە



ڕێگای بڵاوکردنەوەوەی سێ بیرۆکە کاریگەری فکری و کرداری لەسەر نەیارانی خۆی دابنێ: بیرۆکەیەک هاتووەتە کایەوە کە گۆیا ئەو کەس و لایەنانەی نێو ڕێژیم کە بە ڕێفۆرمیست یان میانەڕەو ناو دەبردرێن، لە چوارچێوەی سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا هەوڵ دەدەن بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە بوارەکانی مافی مرۆڤ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئاشتی لەگەڵ دونیای دەرەوە وێڕای پابەندبوون بە یاسا. بە پێی ئەم بیرۆکەیە، ڕێفۆرمیستەکان پێڕەوی لە سیاسەتێکی جیاوازی نێوخۆی دەکەن و دەرفەتی زیاتر بە چالاکی جیاوازی مەدەنی دەدەن و مافی مرۆڤ بە هەمان ڕێژەی بناژۆخۆازەکان پێشێل ناکەن. کرداری ڕێژیم و ئامارێک کە لەبەردەستدا هەیە دەری دەخا کە بە پێچەوانەی ئەم ڕوانگەیە، زۆرترین پێشێلکاری مافی مرۆڤ، بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ کورد، عەرەب و بەلوچ، لە کاتی حوکومڕانی بە حیساب ڕێفۆرمیستەکاندا دەکردرێ. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەو کەس و لایەنانە کە بە ڕێفۆرمیست ناسراون لە نێو سیستەمی کۆماری ئیسلامی بەشێکی بنەڕەتین لەو سیستەمە و لە کات و ساتی جیاواز دا کۆڵەکەی ئەساسی ئەم ڕێژیمە بوونە و هەن. بۆ نموونە، ڕەفسەنجانی لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی وەکوو توندڕەو و بناژۆخۆاز پێناسە دەکرا بەڵام لە ئاخرەکانی ژیانی وەکوو میانەڕەو و پشتیوانی ڕێفۆرم دەناسرا. ڕۆحانی بە هەمان شێوە و لەم ئاخرانەش ئەحمەدینژاد هەوڵ دەدا خۆی وەکوو ئوپۆزیسیۆنی دەسەڵاتدارانی ئێستا نیشان بدا. خاڵی هاوبەشی هەموو ئەم کەسانە پابەندبوونە بە سیستەمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە گشتییەکانی. لۆژیک وا دەخوازێ ئەو ڕاستیە قەبووڵ بکەین کە ئەم سیستەمە لە ڕێگای ڕێفۆرم یان خۆگونجاند ناگۆڕدرێ و تەنها ئەو ڕاستییە کە بۆ ئەوە بگەی بە پلە و پایە لە نێو ئەم سیستەمە پێویستە خزمەتێکی ئێجگار زۆرت کردبێ بە ڕێژیم و لە ئەگەری نیشاندانی بچوکترین نارەزایەتی لە پەراوێز دەخرێی، دەبا کافی بایەت بۆ ئەوە ئەم ڕاستیە قەبووڵ بکردرێ. بەڵام بەم حاڵەش لایەن و خەڵکی وا هەیە کە خۆیان و دەوروبەریان هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەگەر لەگەڵ سیستەمی کۆماری ئیسلامی بگونجێنن، دەتوانن بەشێک لە مافەکانیان بەدەست بهێنن. ڕوانگەیەک دیکە هەیە کە ئەگەر کەسێک لە نێو ڕێژیم شێوەیەک لە دژکردەوەی سەلیقەی نیشان بدا بە سیاسەتە توندڕەوەکانی ڕێژیم، ئەوە ئەو کەسە



ڕێفۆرمیستە. ئەمە لە کاتێک دایە هیچ لەو کەسانەی ناو ڕێژیم دژبەری سیاسەت یان سیستەمی کۆماری ئیسلامی نین، بەڵکوو هاودەنگ نین لەگەڵ شێوەی دەربڕین یان ئیجراکردنی سیاسەتەکان. ڕێژیمیش زوو کەڵکی لەم ڕوانگە و جیاوازیدانانە لە نێوان بە ناو ڕێفۆرمیست و بناژۆخواز وەرگرتوە و وەک تاکتیک بەکاری دەهێنێ بۆ ئەوە ئەم بیرۆکەیە پەرە پێبدا و لەم ڕێگاوە لەسەر پرسی سیاسی، نیزامی، ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵک ڕابکێشێ بۆ نێو بازنەیەکی سیاسی کە لایەنگری لە لایەنەکانی نێو سیستەم بکا لە ترسی بە ناو سیاسەتی توندڕەوی.

بیرۆکەیەکی سێهەم کە ڕێژیم کاری لەسەر دەکا ئەوەیە کە گۆیا میانەڕەوەکان پێڕەوی لە سیاسەتێکی جیاواز لە ئاست سیاسەتی دەرەوەدا دەکەن. ڕاستەیەکی ئەوەیە کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی سیاسەتی دەرەوە دیاری دەکا و کۆنترۆڵێکی تەواوی بەسەر دامودەزگا نیزامی، ئابووری و سیاسیەکاندا هەیە. لە ٣٩ ساڵی ڕابردوو دا تاکوو ئێستا هیچ ئاڵوگۆڕێک لە ئامانجە ستراتژیکەکانی ئێران لە ئاست سیاسەتی دەرەوە وەدی نەهاتووە و ئەم سیاسەتانە مەترسیەکی گەورەن بۆ وڵاتانی دەوروبەر و لەوش گرینگتر مەترسیەکی گەورەن بۆ دانیشتوانی ئێران.

تێگەیشتن و قەبووڵکردنی ئەم ڕاستیانە گرینگیەکی ئێگجار زۆری هەیە بۆ ئەوە گەلی کورد هەم لە بواری فکری و کرداریەوە بنەمای ئامادەبوونی بەرخودانی بەردەوامی هەبێ لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا. لێرە دا شار و دانیشتوانی شار ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە.

## شار و گۆڕینی پارسەنگی هێز

پرسی کورد لە ئێران پرسێکی سیاسی و نیزامییە. هەر دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، شەڕ بە دژی گەلی کورد ڕاگەیاندرا و تا ئێستاش ئەم شەڕە درێژەی هەیە. ئەمە ڕاستیەکە کە زۆر لایەن لەبەرچاوی ناگرن.

هەڵبەت کێشەی گەلی کورد تەنها لەگەڵ ڕێژیمی پێشوو و ئەم ڕێژیمەی ئێستا نییە، بەڵکوو ئیمکانی زۆرە کە دوای کۆماری ئیسلامیش کورد ڕووبەڕووی هەمان شێوە لە زوڵم ببێتەوە. هەر بۆیە، پێویستە فکرێکی جیدی لە گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە نێوان گەلی کورد و دەسەڵاتی ناوەندی بکردرێتەوە. بۆ ئەوەی بتوانین هاوسەنگی هێز بگۆڕین، پێویستە ناوەندی هێزی گەلی کورد و ناوەندی هێزی ڕێژیمی ئێستا دەستنیشان بکەین و لەم ڕێگاوە هەوڵ بدەین ناوەندی هێزی گەلی کورد ئەوەندە بەهێز بکەین کە پێش هەموو شتێک بتوانین ڕووبەڕووی




کۆماری ئیسلامی ببینەوە و لە هەنگاوی دووهەم دا خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەر ئەگەرێکی داهاتوو. ڕوانگەی باو لەمەڕ هێز گرینگی دەدا بە توانا، گەورە بوون و لۆجیستیکی هێزە چەکدارەکان، ئاستی تێکنولۆژی، ئیمکاناتی مادی و نیزامی و دەسترەسی بە سامانی سرووشتی. بە پێی ئەم ڕوانگەیە، هەر لایەنێک کە لەم بوارانەوە لە لایەنی بەرانبەر بەهێزتر بێ دەتوانێ لایەنی بەرانبەر تێکبشکێنێ. لە کاتێک دا سەرچاوەی ناوەندی هێزی هەر لایەنێک ئەو هێزەیە کە لە بواری فیزیکی و مەعنەوییەوە ئیرادە و مەیدانی کرداری دیاری دەکا. کە ئەگەڕێتەوە سەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی، زۆر جار پێویست بە تێکشکاندنی هێزی نیزامی دوژمن ناکا بۆ ئەوە بگەی بە ئامانجە سیاسیەکانت. ئەوەش وا دەخوازێ تێگەیشتنێکی تەواومان لەسەر ئامانج و تواناکانی دوژمنت هەبێ و خاڵە لاوازەکانی دوژمن لەبەرچاو بگرین، بەڵام شەڕ، لە شێوازە سیاسی و نیزامییەکەی، لە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەدا تەنها لە شەڕی مەیدانی دا یەکلای ناکرێتەوە. ناوەندی هێز تەنها بریتی نییە لە هێزی چەکدار، بەڵکوو ناوەندی هێزی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی، خەڵکە و کرداری بەکۆمەڵی ئەو خەڵکەیە لە بەرانبەر دوژمنەکەیاندا. لایەنی وا هەیە کە لەو باوەڕە دان کە چونکە کۆماری ئیسلامی ئیمکانات و هێزێکی زۆری نیزامی هەیە، گەلی کورد نابێ و ناتوانێ لەبەرانبەری دا ڕابوەستێ. ئەم ڕوانگەیە نە تەنها خەتەرناکە، بەڵکوو زۆر جار خزمەتی بە دوژمن کردووە، چوونکە بە پێی ئەم ڕوانگەیە تەنها ڕێگایەک کە دەمێنێ بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، خۆبەدەستەوادان یان خۆگونجاندنە لەگەڵ ڕێژیم. لە کاتێک دا ئەزموونی خەباتی گەلی کورد نیشانی داوا کە نە تەنها دەتوانێ خۆی ڕابگرێ لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا، بەڵکوو ئەگەر بایەخ بە ناوەندی هێزی خۆی بدا، دەتوانێ شوێندانەر بێ و تەنانەت پارسەنگی هێزیش بگۆڕێ.

گۆڕینی پارسەنگی هێز لە نێوان گەلی کورد و دەسەڵاتی ناوەندی تەنها بە دوو شێوە دەکردرێ، ئەویش پتەوکردنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەرخودانی بەردەوامی جەماوەریە. ڕاسان و گرێدانی خەباتی شار و شاخ لەم پێناوەدا هەنگاو دەنێ. گەلی کورد لە حاڵەتی شەڕ دایە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و پێویستە خەڵک پشتیوان و یارمەتیدەری هێزی پێشمەرگە بێت و لە هەمان کاتدا ژێرخانی ڕاپەڕینی جەماوەری بڕەخسێنن.

بەرخودانی مەدەنی شێوەیەکە لە خەباتی ڕزگاریخوازنە و دەبێ لە ڕێگای کەڵکوەرگرتن لە مێتودی جوراوجۆری خەباتی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سایکولۆژی و سیاسی هەوڵ بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ بدەن. سەدان مێتودی جۆراوجۆر هەیە کە خەڵک دەتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ. بەشێکی زۆر لەم مێتودانە بە شێوەی جیاواز کەڵکی لێ وەردەگیردرێ لە کوردستان، بەڵام پێویستە ڕۆژانە و گشتگیرتر بکردرێ.

هیچ تاکێکی کۆمەڵگا نابێ بێ لایەن بێ و ئەو کەسانەش کە تێکەڵ بە خەبات نابن یان تەنانەت ئەوانەی کە خزمەت بە ڕێژیم دەکەن، دەبێ وایان لێ بکردرێ کە یان تێکەڵ بە بزوتنەوەکە بن یان بخرێنە پەراوێزی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگا، ئەویش بە شێوەیەک کە لە دەروونیان دا هەستی پێ بکەن.

لە هەمان کات دا دەبێ وا لەو کەسانە کە سەر بە ڕێژیمن و حزوری فیزیکیان هەیە لە کوردستان لە هەموو کات و ساتێک دا هەست بە نائەمنیەتی فکری و فیزیکی بکەن و لە دەروونیان دا بگەینە ئەو جێگا کە مەجبوورن کوردستان بەجێبهێڵن.

## ڕۆڵی شار لە ڕاساندا

هەرچەند ڕاسانی خۆرهەڵاتی کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندرا، پێویستە پێداگری لەسەر ئەوە بکەین کە هەموو لایەنێک و هەموو تاکێک دەبێ خۆیان بە خاوەنی ڕاسان بزانن. هەروەها حاشاهەڵنەگرە کە هەموو کردارێک کە بکەوێتە خانەی بەرخودانی مەدەنییەوە لە لایەن جەماوەر یان ڕێکخراوەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بە دژی کۆماری ئیسلامی، خزمەتکردنە بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان.

بە لەبەرچاوگرتنی پرۆسەی شارنشینی و بە گشتی ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن لە کوردستان، شار مایەی ئەوی تێدایە ببێ بە ماکەی سەرەکی ناوەندی هێزی گەلی کورد. لەو ڕاستایەدا، ڕاسان خۆی وەک ستراتژیەکی شارمێحەوەر پێناسە دەکا. ڕاستە لە قۆناغی سەرەتایی ڕاساندا، پێشمەرگە پشکی شێری لە فیداکاری و قوربانیدان وەبەرکەوت، بەڵام دەبێ بەرە بەرە و دواجار قورسایی خەبات بکەوێتە ئەستۆی شار، ئەویش لە شکڵی بەرخودانی مەدەنیدا کە تێچووی گیانی کەمە. ئەوەی کە شار دەبێ ببێ بە ماکی سەرەکی هێزی گەلی کورد لە بەر ئەم هۆیانەیە: یەکەم، شار ئەو شوێنەیە کە زۆربەی جەماوەر تێیدا دەژین و زۆربوونی حەشیمەت، بە تایبەت لە کاتی تەیاربوونی جەماوەردا، لەخۆیدا نیشانەی هێزە؛ دووهەم، تێکنۆلۆژی نوێ کاری ڕێکخستنی لە شاردا ئاسانتر کردووە؛ سێهەم، چەندە شار بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گرنگە، ئەوەندەش بۆ ڕێژیم گرنگە، بۆیە ڕێژیم ئەو هەموو تێچوویە تەرخان دەکا بۆ پەلکێشکردن، یان تەنانەت هێنانی بەکرێگیراوانی لە شوێنەکانی دیکەی ئێرانەوە، بە مەبەستی نیشاندانی هێزی جەماوەری خۆی لە کاتی سەردانی سەرانی ڕێژیم بۆ شارەکانی کوردستان، یان لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەلایەن ڕێژیمەوە.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرکەوتوو بووە لەوەی هێز و وزە ببەخشی بە کۆمەڵانی خەڵک. بەڵام ئامانجی ڕاسان ئەوەیە کە دواجار جەماوەر ببێ بە بکەری سیاسی و خۆی لە بێهیوای و پاسیڤبوون ڕزگار بکا. لێرەدا ملنەدانی مەدەنی (civil disobedience) لە کاتی داخستنی دوکان و بازاڕ، جا لە ٢٢ی پوشپەڕدا بێ یان دژ بە لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی یان موشەکبارانی بنکەکەنی حیزبی دێموکرات، شکڵێکی دیکەی ئەو بەرخودانە مەدەنییەیە.

کاتێک دەگوترێ خەباتی هێزی پێشمەرگە بەمەبەستی هێزبەخشین و وزەبەخشین بە خەڵک پێویستیەکی مێژووی بوو، دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێ کە کۆماری ئیسلامی نزیک بە سێ دەیە، لە هەوڵی بەربڵاو و بەردەوامدا بوو بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لە هیوا و ئەکتەربوونی سیاسی (political agency) بەتاڵ بکا و تەنیا وەک کۆمەڵێکی پاسیڤی خزمەتکار بە ڕێژیم بناسێنێ. هێزی پیشمەرگە بە حزوور و گیانبەختکردن، ئامانجی گەڕاندنەوەی شکۆمەندی بوو بۆ خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی خەڵک دیسان وەک بکەری سیاسی دەرکەوێ. ئەگەر شار و خەڵک گرنگ نەبایەن، کۆماری ئیسلامی ئەوەندەی گرینگی نەدەدا بە کۆنترۆڵکردنیان و هەوڵدان بۆ ئەوەی بیانخاتە خزمەتی خۆیەوە. کاتێک دەڵێین دەبێ هەڵسانگاندنێکامان بۆ هێزی ڕێژیم و هەروەها هێزی خۆمان هەبێ، دەبێ ئەوە ڕەچاو بکەین کە هێز بۆ ڕێژیمیش تەنیا بریتی نییە لە هێزی نیزامی، بەڵکوو هێزی ستراتژیک بۆی بریتییە لە دەستبەسەراگرتنی خەڵک و شار. بە درککردن بەم ڕاستییە، ڕاسان دەیەوێ شار و خەڵک لە کوردستان لە ژێردەستی کۆماری ئیسلامی دەربێنێ و بیانکا بە ناوەندی هێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان.

بە پێچەوانەی کۆماری ئیسلامی، کە دەیەوێ دەست بەسەر شار و خەڵکدا بگرێ بۆ مەبەستە نیگریسەکانی، ڕاسان ئامانجی ڕزگارکردنی شار و خەڵکە، تاکوو شار ببێ بە مەیدانی بەشداریکردنی سیاسی، هەڵبەت لە دەرەوە و دژ بە سیستەمی زاڵمی حاکم. بە واتایەکی دیکە، ئامانجی ڕاسان ئەوەیە کە خەڵک خۆی ببێ بە سەرچاوەی هێز، ئەویش بە کەڵکوەرگرتن لە تایبەتمەندییەکانی شار. کەوابوو، پەیوەندییەکی سێگۆشە لەنێوان پێشمەرگە، شار و خەڵکدا هەیە و خەباتی هێزی پێشمەرگە و بەرخودانی مەدەنی ناو شارەکان دەتوانێ ببێ بە بنەمای ڕزگاربوونی گەلی کورد.



تەوەری ژمارەی داهاتوو

پێگە و ڕۆڵی ژنان لە
ڕاسانی نوێی خۆرهەڵات

دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران